ئەدەب و سینەما
لە فایلێکی
تایبەتدا



# The Relation between Literature and Cinema



# ژانری داستانی لە ئەدەبیاتەوە بۆ سینەما

کاوە کیانی



ژانری داستانی لە پێش سینەما و لە هەزارەی پێش زایین و هەتا زووتریش لە ئەدەبیاتی کۆنی چەند نەتەوەیەکدا بە شێوەی ژانرێکی ئەدەبیی جیاواز سەری هەڵداوە. ئەم ژانرە کە بە مێژووی خەیاڵی نەتەوەکان ناوی دەبەن، نیشانەی خواست و ئارەزووی نهێنی و تەنانەت بەرچاوی ئەو نەتەوە کۆنانە بووە کە خۆیان بەرامبەر هەڕەشەو گروژمی نەتەوەکانیتر دەبینیەوە. بە کورتی وا دیارە هەر نەتەوەیەک بۆ سەلماندنی جێگا و پێگەی بەهێزی لە بەرامبەر نەتەوەکانیتردا، خۆی لە بەرامبەر چەند کێشەیەک دەبینیەوە. شاعیرانی ئەو نەتەوەوانەیش بە پێی ئەم کێشانەو چەند گرفتێکیتر کە بەستراونەتەوە بە گرفتە سەرەکیەکانی مرۆڤەوە، وەک چۆنیەتی دروستبوونی ئینسان لەسەرەتادا، یان چۆنیەتی دروستبوونی خێر و شەڕ لە دونیادا و بە پێی بیر و بڕوای خۆیان بەم بابەتانە، چەند کەسایەتیەکی بەهێزیان لە چوارچێوەی چیرۆکێکی داستانیدا دروست دەکرد کە زۆر بەتواناتر و بەرزتر بوون لە مرۆڤی واقیعی و پێیان دەگوتن «قارەمانانی داستانی». ئەو قارەمانانە بەربەرەکانیان دەکرد لەگەڵ ئەو کێشە سەرەکیانەی کە ئەو نەتەوەیە لە بیر و بڕواو خەیاڵی خۆیدا روبەروی دەبۆوە. واتە تەواوی ئەو کەسایەتیە داستانیانە کە چارەنوسی نەتەوەکەیان پێ بەسترابۆوە بەهێز و توانای ئەوانەوە و ئەو کێشە سەرەکیانەی کە ئەم کەسایەتیانە رووبەڕووی دەبوونەوە بە شێوازێکی خەیاڵی و جیاواز لە ئەدەبیاتی داستانی هەر نەتەوەیەکدا سەری هەڵدەدا و ئەو نەتەوە ساڵیانی ساڵ بە فەخر و شانازیەوە گوێیان لەو داستانانە دەگرت و یادی قارەمانەکانیان بەرز رادەگرت.

بە گشتی دەتوانین بڵێین کە قارەمانی ئەم داستانانە بەهێز، دڵیر، بەجەسارەت و بوێر بوون و بە هۆی خواست و ئیرادەی نەتەوەیی و میللیانەوە وەک سەمبولی ئەو نەتەوانە بەژمار دەهاتن کە لێوەی هەڵ قوڵابوون. بە هۆی ئەم تێروانینەوە بە کورتی دەتوانین بڵێین داستان زۆرتر لەگەڵ ئەفسانە میللیەکاندا هەڵسوکەوتی هەبووە.

بەگشتی داستانەکان بەپێیّ چەند هەڵ و مەرجێک لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، هەندێ لە داستانەکان خاوەن نووسەرن وەک « ئیلیاد و ئودیسە» لە نوسینی هومێرۆس، انەید لە نوسینی ڤێرجیل، کۆمیدیای ئیلاهی لە نوسینی دانتی، بەهەشتی ونبوو لە نوسینی میلتون و شانامەی فارسی لە نوسینی (بە باوەڕی هەندێک کۆکراوەی) فردەوسیی. هەندێکیتر لە داستانەکان نوسەرەکەیان نەناسراوە وەک گلگامێش کە بە کۆنترین داستانی دونیا ناسراوە و لە سەردەمی سومەرییەکاندا نوسراوە و یا مەهاباراتا و رامایانا کە لە داستانەکانی میللەتی هیندەو بە زبانی سانسکریت نوسراوە، یا شانامەی کوردی کە زۆر نزیکە لە شانامەی فارسی و لەم دوایانەوە بە پێی چەند بەڵگەیەکی کۆن کۆکراوەتەوە (جێی ئاماژەیە کە هونەرمەندی کورد شارامی نازەری چەند پارچە موزیکێکی داستانی لەم داستانەوە دروست کردوە.).

بێجگە لەمە هەندێکیتر لە داستانەکان لە سەرەتای دروستبوونیادا هێدی هێدی نووسراونەتەوە، واتە دوای ماوەیەک تیکستەکەیان مەوجود بووە و تەنانەت بۆ زمانی نەتەوەکانیتریش وەرگێڕاون، وەک زۆربەی ئەو داستانانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، هەندێکیتریشیان دەماودەم ماونەتەوەو وتراونەتەوە هەتا بەمڕۆ گەیشتوون.




بێجگە لەمانە لە دوای پەرەپێدانی مەسیحیەت لە ئەوروپا و ئیسلام لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا داستانە مەزهەبیەکان هێدی هێدی جێی داستانە میللیەکانیان گرتەوەو هەندێک لە نەتەوەکان بە پێی زاڵبوونی بیر و باوەڕی مەزهەبی بەسەریاندا چەند داستانێکی دینیشیان بۆ قارەمانە مەزهەبیەکانیان دروستکردوە (وەک ئەو داستانانەی کە مەسیحییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نووسیویانەتەوە).

لە دوای ئەم قۆناغە نووسینی داستان وردە وردە روو لە کەمبونەوە دەکات بە جۆرێک کە ئەگەر داستانێکیش نوسرابێت ئەو ناوبانگەی داستانە کۆنەکانی نەبووە، جێیّ ئاماژەیە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەم کەمبونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی چەند شێوازێکیتری ئەدەبی وەک رۆمان و چیرۆک و درام بە گشتی.

جیا لە هەموو ئەمانە بە کورتی دەتوانین بڵێین، ئەو داستانانەی کە بەرزترن لە بیروباوەڕی میللی و نەتەوەیی، هەڵگری چەند تێڕوانینێکن لە بارەی خولّقان و ژیان و مەرگی مرۆڤەوە، توانیویانە سنورە جوگرافی و نەتەوەییەکانی خۆیان بشکێنن و وەک بەرهەمێکی ئەدەبی بەهێز بگەنە ناو وڵات و نەتەوەکانی تریشەوە. بە جۆرێکیتر دەتوانین بڵێین کە ئەو داستانانە سەرکەوتوو بوون کە خاوەن زەمینەیەکی فکری بەهێزبوون و ویستویانە لە جێگەی کێشەی نەتەوەکەی خۆیانەوە کێشە سەرەکیەکانی مرۆڤ بە گشتی نیشانبدەن و بەهۆی ئەم تێڕوانینەوە توانیویانە لەلای نەتەوەکانیتریش بخوێندرێنەوەو وەک شاکارێکی جیهانی قبوڵ بکرێن.

جێی ئاماژەیە کە لە دونیای ئەمڕۆدا هێندێ لە داستانەکان لە فۆرم و ناوەڕۆکدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لە چوارچێوەی شیعردا (شیعری داستانی) و هەندێکیتر لە چوارچێوەی درامی داستانیدا (ئەو شتەی بێرتوڵد بڕێشت شانۆکاری ئاڵمانی کاری لە سەر کردووە) سەری هەڵداوەتەوە. بەڵام پارێزراوتر لە هەموو ئەمانە ئەو داستانە کۆنانەن کە لە سینەمادا بە کارهێنراون و ژانرێکی سەربەخۆیان دروستکردوە.

## ژانری داستانی لە سینەمادا

هەر وەک لە سەرەوە باسمانکرد نووسینی داستانی ئەدەبی لە لای زۆربەی نەتەوەکاندا رووی لە کز بوون و تەواو بوون کردووە، بە جۆرێک کە ئەگەر ئەمڕۆ بیانەوێت لە بارەی ئەدەبیاتی داستانیەوە قسە بکەن زۆرتر پشت بەو داستانە مێژووییانە دەبەستن کە لە دەورانی کۆندا نووسراون، واتە لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا بە زەحمەت دەبیندرێت کە نووسراوێک (مەتنێک) بە ناوی داستانەوە بنووسرێت. هەر لە سەرەتای ئەم سەردەمەدا ژانری داستانی بە شێوازێکی زۆر جیاواز لە شیعر و درامادا بە ناوی « شیعری داستانی » و « شانۆی داستانی » سەری هەڵداوە، کە نموونەکانی زۆرتر لە کارەکانی بەرتوڵد بڕێشتدا بەر چاو دەکەون. بەکورتی بڕێشت تێکۆشیوە لەسەر ئاستی ئیدیۆلۆژیە مارکسیستیەکەی خۆی داستان بێنێتە ناو کۆمەڵگاوە و لە جیاتی قارەمانە ئەفسانەییەکان چارەنووس بداتە دەستی خودی تاکەکەسەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش تێڕوانینێکی زۆر جیایە بۆ داستان. بەڵام بەگشتی ئەو جێگایەی چیرۆکی داستانە کۆنەکان دووبارە سەری تێدا هەڵداوەتەوە سینەما بووە. چونکە ئەفسانەکان، رووداوە مێژووییەکان و چیرۆکەکانی کتێبی موقەدەس بە سێ سەرچاوەی سەرەکی فیلمە داستانیەکان ئەژمار دەکرێن.

بە باوەڕی هەندێک لە مێژوونووسانی سینەما، ئەم ژانرە بۆ یەکەم جار لە ئەمریکا و بە فیلمی دەمارگیری ١٩١٦ «Intolerance» لە دەرهێنانی دەیڤید وارک گریفیس هاتە ئاراوە. ئەم فیلمە خاوەن چوار چیرۆکە کە بریتین

له ١- روداوێکی مێژوویی (قەتڵ و عامی رۆژی سنبارتلمی له فەرانسەی سەدەی شانزده).

٢- روداوێک که لەم سەردەمەدا روو دەدا.

٣- روداوێک که له کتێبی موقەدەسی وەگرتووه (له زەمانی مەسیح و له شاری بەیتئەلموقەدەسه).

٤- روداوێکی کۆن که دەگەڕێتەوه بۆ دەورانی باستان و ئەفسانەکانی شاری بابل.

ئەم چوار چیرۆکه له پاڵ یەکتر و به شێوەی تەریب لەم فیلمەدا دەگێڕدرێتەوه. ئەم فیلمه که له سەردەمی سینەمای بێدەنگدا و به بودجەی دوو ملیۆن دۆلاری ئەو زەمانه دروستبووه، یەکێکه له گەورەترین فیلمەکانی مێژووی سینەما و خاوەنی چەند تایبتمەندییەکی گرنگه. یەکێ لەو تایبەتمەندیانه ریتمێکی توندی هەیه که له گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بەکار هێنراوه. ئەم ریتمه تونده تا کۆتایی فیلمەکه و کاتێ هەر چوار چیرۆکەکه به یەکتر دەگەن هەر بەرەو توندبوون دەچێت. تایبەتمەندیەکی تری ئەم فیلمه بەکارهێنانی گرتەی نزیک (close up) له بەرامبەر گرتەی گشتی (long shot)) دایه، ئەمەیش بۆته هۆی ئەوەی که هەر کام لەم گرتانه زۆرتر بەرجەسته ببنەوه. تایبەتمەندیەکی تر هاوشانکردنی وێنەکانه به موزیکێکی داستانی و ئیحساسیەوه، که بۆ کاریگەری زۆرتری فیلمەکه لەسەر بینەر به کار هێنراوه.

له دەورانی سینەمای بێدەنگدا و هەتا له پێش ئەم فیلمەیشدا، چەند فیلمێکی داستانیتر وەک لەناوچوونی تروا (١٩١٠) و کابیریا ( ١٩١٤ ) له دەرهێنانی پاسترونەی ئیتاڵیایی دروستکراوه که له پاڵ چەند فیلمێکیتری وەک ناپلیون ( ١٩٢٧) له دەرهێنانی (ئێبل گانسی) فەرەنسی که به تەکنیکی تکنیراما گیرابوو، (ئەم فیلمه خاوەن چەند دیمەنێکی گەورەو سەرسورهێنەر بوو، بۆ یەکەم جار له مێژووی سینەمادا لەسەر سێ پەردە نیشاندراوه).

دەیان فیلمی داستانیتر پێگەیەکی بەهێزیان بۆ ئەم ژانره دروستکرد که به هاتنی دەنگوڕەنگ و گەلێ تەکنیکی تر بۆ ناو سینەما نه تەنها نەتەکاوه بەڵکو بەرفراوانتر له جاران پەرەی سەند.

ئەگەر ئاوڕێک له مێژووی سینەمای داستانی بدەینەوه چەند فیلمێکی تری گرنگمان بەر چاو دەکەوێت، که لەدرێژەی ئەم وتارەدا باسیان لێ دەکەین، یەکێ لەوانه فیلمی (سامسۆن و دێلیله)یه «Samson and Delilah» که له ساڵی ١٩٤٩دا گەوره دەرهێنەری ئەمریکی سسیل. ب. دومیێل دروستیکردووه و چیرۆکەکەی له کتێبی موقەدەس وەرگرتوه. دەرهێنەری ئەم فیلمه یەکێ له گەورەترین دەرهێنەرانی سینەمای داستانییه، ئەو بێجگه لەوەی داهێنەری زۆرێک له تەکنیکەکانی سینەمای داستانی بووه، بۆ خوڵقاندنی دووبارەی ئەفسانه کۆنەکانیش به دەرهێنەرێکی خاوەن ستایل دێته ژماردن. ئەم دەرهێنەره لەم فیلمەدا هەوڵیداوه له بەرامبەر ئەو دیمەنه داستانی و قارەمانه پڕ له زەرق و بەرقانەدا چەند دیمەنێکی رۆمانسی و عاشقانەیش بەکاربێنێت. فیلمێکیتری ئەم دەرهێنەره که لەم ژانرەدا دروستیکردووه ده دەستوره (ده فەرمان) «The Ten Commandments » ئەم فیلمه بۆ یەکەم جار له ساڵی ١٩٢٣دا دروستکرا، بەڵام بەهۆی سەرکەوتنێک که به دەستیهێنابوو دووباره له ساڵی ١٩٥٦ به تەکنیکگەلێکی بەهێزتر و به شێوەیەکی بەرفراوانتر دروستکراوه. ئەم فیلمه چیرۆکی ژیانی حەزرەتی موسای هەر له منداڵیەوه هەتا ئەو کاتەی دەچێته ناو کۆشکی فیرعەونەوەو دەبێته پێغەمبەر له خۆ گرتوه و ناودارترین فیلمی بێژەریی ( خاوەن دەنگی) دومیێله. ئەو لەم فیلمەدا دوازده هەزار عەرەب و پانزده هەزار حەیوانی رەنگاوڕەنگی بۆ دروستکردنی دیمەنی رێکەوتن بەرەو سەرزەمینی مەوعود به کارهێناوه. بەرچاوترین دیمەنی فیلمەکه ئەو جێگایەیه که قەومی بەنی ئیسرائیل له میسر دێته دەرەوه. ئەوەی لەم گرتەیەدا سەرنج راکێشه، ناهاوسەنگی سوپای گەورەو زەبەلاحی فیرعەونه له بەرامبەر هەژاریی ئەو کۆمەڵه خەڵکەی که له شارەکه دەرکراون. ئەم گرتەیه خاوەنی وردبینییەکی بێ وێنەیه. به جۆرێک که دەڵێی له سەر کانڤاسێک نەخشکراوه. ئەم گرتەیه هەر وەها خاوەن







دیکۆرێکی گەورەیه که به دیزاینێکی تایبەت و به شێوەی تەکنیکی رێکوپێک کراوه. شوناسێکی تری ئەم فیلمه سترەکتۆری دراماتیکی سیناریۆکەیه که توانیویەتی لەگەڵ ئەو دیمەنه گەورانه هەڵکات و رۆڵی بەرچاوی خۆیی بگێڕێت. شایانی باسه که دومیێل بۆ تەئکید له سەر ئەرزشی دراماتیکی دیمەنەکان له بەرامبەر عەزەمەتەکەیاندا وتوویەتی: «دیمەنی گەوره فیلمی گەوره دروست ناکات».

جێی ئاماژەیه که وڵاتی ئیتاڵیاو ئەمریکا زۆرترین فیلمی داستانییان دروستکردووه. له ئیتاڵیا کۆمپانیای چینەچیتا و له ئەمریکا کۆمپانیاکانی هالیوود له دوای شەڕی جیهانی دووەم و له دەیەکانی ٥٠ و ٦٠دا به خەرجکردنی بودجەگەلێکی سەرسورهێنەر گەورەتریین کۆشک و زەبەلاحترین سوپاکانی دەورانی باستانیان دوباره دروستدەکردەوه. هەڵبەته یەکێ له هۆکارەکانی دروستکردنی ئەم فیلمانه بۆ بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ تەلەڤزیۆن بوو، چونکه تەلەڤزیۆن لەو کاتەدا سەرنجی زۆرێک له بینەرانی بۆ لای خۆی راکێشابوو، به گشتی وادیاره که لەو سەردەمەدا کۆمپانیاکانی هالیوود سینەمای داستانییان وەک ئامرازێک بەکار دەهێنا بۆ گەڕاندنەوەی بینەران بۆ ناو هۆڵەکانی سینەما. هەر بەو دەلیله به بەکارهێنانی گەلێ تەکنیک وەک سینەما سکۆپ و رەنگ و دروستکردنی فیلمگەلێکی گەورەی داستانی تێکۆشان، تا ئەو شتانه نیشانبدەن که تەلەڤزیۆن له توانایدا نیه نیشانی بدات.

لەو فیلمانەی که له ئیتالیا دروستکران دەتوانین ئاماژه به فیلمی (دەچی بۆ کوێ) « Quo Vadis» بکەین که دەرهێنەرەکەی (مروبین لرویه) و له ساڵی ١٩٥١دا دروستی کردووه. رووداوی ئەم فیلمه له دەورانی ئیمپراتۆری نیرۆندا روودەدات، بەناوبانگترین سیکوێنسیشی ئەو جێگایەیه که شێره برسیەکان هێرش دەبەنه سەر کۆمەڵێ مەسیحی هەژار. فیلمێکی تری ئەم ژانره ئیڤانۆیه «Ivanhoe» که له ساڵی ١٩٥٢دا و له لایەن کۆمپانیای مێتروگۆڵدن مایەری ئەمریکا دروستکراوه و دەرهێنەرەکەی ریچارد توریه. ئەم فیلمه له نموونەکانی شوالیەئی (knighthood) ئەم ژانره به ئەژمار دێت. شوالیەکان پیاوانێکی شۆڕشگێڕ بوون که له شەڕەکانی سەلیبیدا (شەڕو پێکدادانی مەسیحەکان بەرامبەر موسلمانەکان) بەشداربوون و ئارمانی سەرەکی خۆیان هەبووه. ئەم قارەمانانه هەمووکات لەگەڵ گلادیاتورەکان وەک قارەمانی ئەفسانەکانی دەورانی (سەدەکانی ناوەراست) ناسراون.

لەو فیلمانەیشی که له رووی ئەفسانەکانی یونانەوه دروستکراون دەتوانیین ئاماژه به فیلمی «Helen of Troy» بکەین. چیرۆکی ئەم فیلمه له کتێبی ئیلیادەی هومێرەوه وەرگیراوه و به شێوازی سینەماسکوپ که ئەو زەمانه تازه داهاتبوو دروستکراوه. شایانی باسه که زۆرترین رەخنه له سیناریۆ و دەرهێنەرەکەی ئەم فیلمه گیراوه. کلاسیکترین فیلمی سینەمای داستانییش فیلمی بن هوره (Ben Hur) له دەرهێنانی گەوره دەرهێنەری ئەمریکی ویلیام وایلەر. وایلەر مامۆستای راستەقینەی چەند ژانرێکیتری ئەمریکایی وەک وێستێرنی کلاسیک و کۆمێدی رومانتیک به حیسێب دێت. ئەم



دەرهێنـــەرە کارەکانی زۆرتر بە هۆی یاریدەدەرەکانی ئەنجامدەدا، بەوە بەناوبانگە کە لە کاتی وێنەگرتنی زۆرێک لە دیمەنەکانی، خۆی لە ســەر لۆکیشەنەکە ئامادە نەبووە. وەلێ شاراوە نیە کە ئەم دەرهێنەرە توانـــای چاودێریکردنـــی ســـتافێکی گـــەورەی بۆ وەبەرهێنانی فیلمەکە هەبـــووە. فیلمی بن هوریش وەک دە دەســـتور بۆ یەکەم جار لە ســـاڵی ١٩٢٩ دروســـتکراوە، بەڵام بە هۆی ســـەرکەوتووبوونی، دووبارە لە ســـاڵی ١٩٥٩ بە بەکارهێنانی دەنگ و رەنگ و گەلێ تەکنیکی زۆرتر دروســـتکراوەتەوە. رووداوی ئەم فیلمە لە زەمانی حەزرەتی عیســـا و لە شاری ئورشـــەلیم روو دەدات و سەرەکیترین سیکوێنسیشی ئەرابەرانییە (عەرەبانە ســـواریە). لە ســـەرەتایی ئەم فیلمەدا بن هور گەنجێکی خام و سادەیە ئەو لە درێژەی فیلمەکەدا چەند رووداوێکی چڕوپڕ تێپەڕ دەکات و لە کۆتاییدا دەبێتە سەمبۆلێکی کۆمەڵایەتی. جێی ئاماژەیە ئەم فیلمە زۆرترین خەڵاتی لە مێژووی ئوسکاردا بەدەست هێناوە.

فیلمێکی تری ئەم ژانرە ســـپارتاکۆس «Spartacus»ە کە لە ساڵی ١٩٦٠ دروســـتکراوە. دەرهێنەری ئەم فیلمە ستانلی کوبریک (کە ئەو کات گەنجێک بووە) و ئەکتەرە سەرەکیەکەیشـــی کرک داگلاس بووە. ئەوەی لەم فیلمەدا سەرنجراکێشـــە ئەوەیە کە بۆ دیزاینی هێندێک لە دیمەنەکانی زیاتر لە هەشـــت هەزار سەربازی ئیســـپانیایان بەکارهێناوە. بە گشتی وتراوە کە ستاف و بەرهەمهێنەری ئەم فیلمە سێ ساڵ بە وردی کاریان کردوە بۆ تەواو بوونی ئـــەم پرۆژەیە. فیلمێکی تری ئەم ژانرە کە قارەمانە ســـەرەکیەکەی گلادیاتورە، فیلمی باراباس « Barabbas»ە کە دەرهێنەرەکەی ریچارد فلایشەرە و لە ساڵی ١٩٦٢ دروستکراوە. لەم فیلمەدا باراباس دزێکە لەگەڵ حەزرەتی عیســـا لە یەک زیندانـــان. لەبەینی ئەو دووانـــەدا باراباس ئازاد دەبێت و مەســـیح دەمێنێتەوە. باراباس دوای ماوەیـــەک دەبێتە گلادیاتۆر و بەناوبانگتریـــن گلادیاتۆرەکانی ســـەردەمی خۆی شکســـت پێدێنێ. لەم فیلمەدا سینەمای داســـتانی ئیتاڵیا لەگەڵ سینەمای داستانی ئەمریکا یەک دەگرنـــەوە، بە جۆرێک کە لە چاوپێخشـــاندنێکدا کەڵک وەرگرتن لە چەمکە سەرەکیەکانی هەردووکیان بەرچاو دەکەون. بۆ نمونە لە سینەمای داستانی ئیتاڵیا رووداوەکانی دونیای باستان و لە داستانەکانی ئەمریکادا رووداوەکانی کتێبی موقەدەس بەکار دەهێندرێت. لە سینەمای داستانی ئیتاڵیادا بایەخی زۆر دەدرێت بە گرتەی گشـــتی و کومەڵێ خەڵکی زۆر (ســـوپای گەورە) لە ناو وێنەکاندا بەڵام لە ســـینەمای داستانی ئەمریکا زۆرتر بایەخ دەدرێت بە دراماتیکـــی چیرۆکەکە. بە کورتی لـــەم فیلمەدا بە کەڵک وەرگرتن لەم دوو ستایلە، چینەچیتا و هالیود یەک دەگرنەوە.

بەگشـــتی وادیـــارە کە تـــا دەیەی شەســـت فیلمی داســـتانی کلیۆپاترا «Cleopatra» لـــە دەرهێنانی جوزف منکەویتس پڕ خەرجترین فیلمی مێژووی ســـینەما بـــووە. رووداوی ئەم فیلمە لە ٤٨ی پێش زایینـــدا روودەدات، لە چیرۆکی ئەم فیلمەدا سیزار پاشـــای رۆم هێرش دەکاتە سەر میسر و کلیۆپاترا شاژنی ئەو وڵاتە ئەسیر دەکات. لە دوای سیزار مارک ئەنتۆنی دەبێتە پاشا و عاشقی کلیۆپاترا دەبێت بەڵام لە ئەنجامدا هەردووکیان بە هۆی ئەم عەشقەوە گیانیان لەدەست دەدەن. جێی ئاماژەیـــە کلیۆپاترا یەکێک لـــە دەگمەنترین فیلمە داستانیەکانە کە قارەمانەکەی ژنە، بە بیر و بڕوای هەندێک لە رەخنەگرانیش شکستی ئەم فیلمە، یەکێ لە هۆکارە ســـەرەکیەکانی لاوازبوونـــی ئەم ژانرەو بەشکست هاتنی لە دەیەکانی حەفتادایە.




بێجگە لەمە دەرهێنەر ئەنتونی مان لە ساڵی ١٩٦٤دا بە فیلمی لەناوچوونی ئیمپراتـــوری روم «The Fall of Roman Empire» گەورەترین دیکۆری تا ئەو زەمانە بۆ فیلمی داستانی دروستکردوە. بۆ دیکۆری ئەم فیلمە ١١٠٠ پیاو لە ماوەی حەوت حەفتەدا کاریان کردوە تا توانیویانە ٦٠١ ستونی مەرمەری و ٣٥٠ پەیکەر لە ســـەر ٢٥٠ هێکتار (دونم) زەوی دروســـتبکەن. فیلمێکیتری ئەم ژانرە ئینجیل. لە سەرەتادا «The Bible...In The Beginning»یە (١٩٦٦). جان هیوســـتنی دەرهێنەر، ئەم فیلمەی لە رووی ٢٥ قۆناغی ئەوەڵی کتێبی موقەدەســـەوە دروســـتکردوە. گرنگی ئەم فیلمە لەوەدایـــە کە بەناوبانگترین پێغەمبەرەکانـــی وەک ئادەم و حەواو و حەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی نوحی تێدایە.

جیـــا لەمانـــە لە بەینـــی وڵاتانی رۆژهەڵاتیـــش دوو نەتـــەوەی ژاپۆن و چیـــن زۆرترین کەڵکیـــان لەم ژانرە وەرگرتوە و چەند فیلمێکی داســـتانیان دروســـتکردوە. بۆ نمونە ئەکیرا کۆرۆساوا دەرهێنەری ژاپۆنی تێکۆشیوە بە کەڵک وەرگرتن لە دابو نەریت و ئەفسانەکانی وڵاتەکەی بەتایبەت حیکایەتی جەنگاوەرە کۆنەکانی ژاپۆن واتە ســـامورایەکان، چەند فیلمێکی داســـتانی دروســـت بکات. یەکێ لەو فیلمانە حەوت ســـامورایە (١٩٥٤) کە سەرنجی دونیای سینەمای بۆ لای خۆی راکێشا. هەڵبەتە ئەم دەرهێنەرە بۆچوونێکی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ داستانەکان، ئەم بۆچونەیش لە فۆرم و ناوەرۆکی فیلمە داســـتانییەکانیدا رەنگی داوەتەوە و باســـکردن لەوە پێویســـتی بە بابەتێکی جیاوازە. بە گشـــتی دەتوانین بڵێین لە دوای ئەم قۆناغە لە چین و ژاپۆنیش ئەوکات لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا دروســـتکردنی فیلمی داســـتانی هێدی هێدی روو لە کەمبوونەوەو تەواوبوون دەکات. بە جۆرێک کە هەندێک لە مێژوونووسانی ســـینەما وتوویانە لە دایکبوونی نەتەوەیەک (١٩١٥ ) لە دەرهێنانی دەیڤید گریفیس ئەوەڵین فیلمی گەورەی داســـتانی یە، هەروەها (لورەنسی عەرەبســـتان) (١٩٦٢) لە دەرهێنانی دەیڤید لین ئاخرین فیلمی گەورەی داستانیە.

هـــۆکاری لاوازبوونی ئەم ژانرە لەو ســـەردەمەدا زۆرە، بەڵام بە گشـــتی دەتوانیـــن بڵێین، یەکێ لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی بابەتەکان، رووداوەکان و کەســـایەتییەکان کـــە یەک لە دوای یـــەک دەهاتن و جیا لە درێژکردنـــەوەی کاتی فیلمەکە (کە بینەری بێـــزار دەکرد) تەنانەت هەندێ جاریش دەبوونە هۆی ئەوە کە فیلمەکە یەکگرتوی خۆی لە دەســـت بدات. یەکێکیتر لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی ئەم فیلمانە بە بودجەی سەرســـوڕهێنەر و زەبەلاح، بە جۆرێک کـــە هەندێک لەوانە هەزاران ئەکتەرو گەورەترین دیمەنەکان و بەناوبانگترین ئەستێرەکانی سینەمایان بەکار دەهێنا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەندێکیتر لە دەرهێنەران توانیبوویان بە بەکارهێنانی بودجەیەکـــی زۆر کەمتـــر و چیرۆکێکـــی واقعیتر تەنانەت ســـەرکەوتنێکی گەورەتریش لە بواری مادییەوە بەدەست بێنن. یەکێکیتر لە هۆکارەکانی ئەم لاواز بوونە دەگەڕێتەوە بـــۆ تامەزرۆیی بینەران بۆ بینینی چیرۆکی واقعیتر و ریالیســـتیتر، بەجۆرێک کە لە دوای ئەم قۆناغـــە زۆربەی دەرهێنەرەکان هەســـتیان کرد لە دونیای ئەمڕۆی مرۆڤدا رووداوێکی چکۆلەی ژیانی رۆژانە، دەتوانێ ببێتە هۆی وەها کارەســـاتێک کە تەنانەت لە داســـتانە گەورەکانیشـــدا بەرچاو ناکەوێت، هەر بۆیەیش توانیان بە نیشـــاندانی گرتەی نزیک لە جیاتـــی گرتەی دوور، لە قارەمانەکان نزیک ببنـــەوە و لە جیاتی بزاوتە سەرسورهێنەرەکان زۆرتر بزاوتە ئینســـانیەکان و ریالیستیەکانی ئەوان نیشـــانبدەن. هۆکارێکیتری ئەم لاواز بوونـــە دەگەڕێتەوە بۆ پەرەســـەندنی ژانرە جۆراوجۆرەکان لەناو وڵاتانیتری دونیادا کە بە هۆی ئەمەیشەوە زۆریەک لـــە تایبەتمەندییە نادیارەکانی ســـینەما دەرکـــەوت و شـــکۆفەی کـــرد. بەکورتی وادیارە کە باسکردن لە هۆکارەکانی لاوازبوونی سینەمای داستانی بابەتێکی درێژخایەنە و پێویستی بە وردبوونەوەیەکی زۆرتـــر و وتارێکی جیاوازە، بەڵام لە ئاکامی ئەم بابەتەدا جێی خۆیەتی لەســـەر دوو خاڵی گرنگ قسە بکرێـــت، یەکێکان تایبەتمەندییەکانی ســـینەمای داســـتانییە، ئەوی تریش ئاوڕدانەوەیە لە جێپەنجەکانی ئەم ژانرە لە سینەمای ئەمڕۆدا.




بە چاوخشاندنێک لە مێژووی سینەمای داستانی بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەم ژانرە چەند شوناسێکی گرنگی هەیە کە بریتین لە:

١- نیشـــاندانی کێشە ســـەرەکیەکانی مرۆڤ وەک: عەشـــق، شۆرش بۆ پاراستنی ســـەروەری نەتەوەیی، میللی و ئەفسانەیی، تێکۆشان بۆ رزگاری کۆیلەکان لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان، چیرۆکی سەرەکی ئەم داستانانە بوو.

٢- ئەفســـانەکانی یونانی باستان وەک ئاشـــیل و هێرکول، ئەفسانەکانی میســـر وەک کلیۆپاترا، ئەفســـانەکانی رۆم، ئەفســـانەکانی مێژووی چین و ژاپۆن، رووداوەکانـــی کتێبی موقەدەس و چەند روداوێکی مێژوویيتر تا ئەو کاتە سەرچاوەی گرنگی فیلمە داستانییەکان بوون.

٣- هەندێـــک لـــە رووداوە مێژوییـــەکان کە تەنانەت کەمترین شوناســـی داستانییان تێدا نییە، جاری واهەیە بە رەنگ و رواڵەتی داستانییەوە بەرهەم دێن و نیشاندەدرێن.

٤- ئەم ژانرە بۆ دروستکردنی دووبارەی لوکەیشنەکان و دیمەنە گەورەکان پێویســـتی بە ســـتافێکی گرنگی بەتوانـــا هەیـــە، بەرهەمهێنەرێکی بەهێز و پشـــتیوانی کۆمپانیە گەورەکان وەک کۆمپانیاکانـــی هالیوودی ئەمریکاو چینەچیتای ئیتالیا. (شـــایانانی باســـە کە ئەم کۆمپانیە ئیتالیە تەنیا لە دەیـــەی پەنجا و شەســـت بەناوبانگ بووە). هەر بۆیـــە زۆرجار ئەم ژانرە، (بێجگـــە لەو چەند فیلمەی کە لـــە ئیتالیا و چین و ژاپۆن بەرهـــەم هاتووە) ژانرێکـــی ئەمریکایـــی هالیوودی بەئەژمار دێت. بەهۆی ئەم پێویســـتیە ئابووریە دەرهێنەرە خاوەن ســـتایلەکان بە گشتی و سینەمای ســـەربەخۆ بەدەگمەن دێنە ناو ئەم ژانـــرەوە، تەنانەت هێندێ جاریش بەرامبـــەری دەوەســـتن و بـــە دیدی ســـینەمایی ســـەرمایەداری چاوی لێ دەکەن و رەخنەی لێ دەگرن.

٥- قارەمانی داستان کەسایەتییەکی بەهێزەو خاوەن جەســـتەیەکی پتەو و چالاکە، هۆشـــێکی تیـــژو ئیرادەیەکی نەبەزی هەیـــە و دەتوانێ بـــە هۆی ئەم توانایانـــەوە زۆربـــەی کێشـــەکانی خۆی و هاوڕێکانی چارەســـەر بکات، ئەو قارەمانە جاری وایە بەدیلێکە بۆ رزگاری و ئازادی تێدەکۆشـــێ وەک ســـپارتاکوس، هەندێ جار پێغەمبەرێکـــە بۆ ئازادی مرۆڤ تێدەکوشـــێت، یا ســـەمبولی نەتەوەیەکە لە پێناو هەســـتی مرۆڤایەتییەوە بەرگری لە سەروەری و مافی گەلەکەی دەکات.

٦- لە بابەت فۆرمەوە فیلمی داستانی خاوەن چەند دیمەنێکی گەورەیە کە بە گرتەی گشـــتی (long shot) و لێنزی واید وێنەکانی گیراوە، لە پاڵ ئەمـــەدا هەندێک جار بۆ بەرجەســـتەکردنی توانا و ئیرادەی قارەمان یان بۆ نیشاندانی دیمەنێکی عاشقانە چەند گرتەیەکی نزیکیش (close up) بە کار دەهێنن. لە بابەت وێنەوە ئەم ژانرە زۆر تێکوشـــا لەماوەی ئەو شەست ســـاڵەدا زمانێکی وێنەیی تایبەت بە خۆی دروســـت بـــکات، بەڵام بە هۆی دووبارەکردنەوە هەندێک لە کارەکانیشـــیان بوونە کلیشە، یەکێ لەو وێنانە جوڵانـــەوەی دۆڵییە کە بۆ تەئکید لە ســـەر هێز و توانا و پێشـــرەو بوونی قارەمان لە بەرامبەر سوپاکەیدا بە کار دەهێنرا، ئەم جوڵەیە لە دەموچاوی قارەمانەوە بە گرتەی نزیک دەستی پێدەکرد و بەرەو سەرەوە دەڕۆیشت تا



ئەو کاتەی هەموو سوپاکەی بە جۆش و خرۆشەوە نیشان ئەدا و بە گرتەی گشتی گەورە (Extreme long shot) تەواو دەبوو. هەندێ جار ئەم جووڵەیە بە پێچەوانەوە (لە سوپاکەوە) دەستی پێدەکرد و بە گەیشتن بە دەموچاوی قارەمان تەواو دەبوو. شوناسێکیتر بەکارهێنانی لێنزی واید و سینەما سکوپ بووە. لە بابەت دەنگ و موزیکیشەوە زۆربەی وێنەکان بە موزیکێکی داستانی بەهێز و کاریگەر (کە زۆرتر بۆ دروستکردنیان ئۆرکستریکیان بەکاردەهێنا) هاوڕێ دەکران.

٧- خالێکی گرنگیتر ستره‌کتۆری دراماتیکی سیناریۆکانە، زۆرتری فیلمە داستانییەکان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەیان سترەکتۆری (Climax) یان بە کار هێناوە. قارەمانی فیلمی داستانی لە سەرەتای فیلمەکەوە تا کۆتایی چەند قۆناغ تێدەپەڕێنێ تا بە ئامانجی خۆی دەگات. (لە شانامە بەو قۆناغانە دەڵێن خان، وەک حەوت خانی رۆستەم) بە تێپەڕاندنی هەر قۆناغێک قارەمانەکە بە تواناتر دەبێت بە جۆرێک کە لە قۆناغی کۆتاییدا بە هێزێکی بێ وێنە بەرامبەر رەقیبەکەی دەوەستێت. خاڵێکیتری ئەم سیناریۆیانە بە کارهێنانی رووداو و کەسایەتی زۆر لە زەمانێکی درێژدایە، بە جۆرێ کە هەر چرکەیەکی پڕە لە جوڵەو رووداوی جۆراوجۆر. ئەوەیش وەک باسمکرد هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە فیلمەکە یەکگرتوویی خۆی لە دەست بدا و بکەوێتە سەر رەوتی دووبارەو و کلێشە.

ئەگەر چی وادیارە بەرهەمهێنانی فیلمی داستانی لە دوای دەیەی شەست و حەفتا رووی لە لاوازبوون و بە باوەڕی هەندێک لەناوچوونە، بەڵام شاراوە نییە کە لە دوای ئەو دەورانەیش کاریگەری ئەم ژانرە هەم لە رووی فۆرم و هەم لە رووی ناوەڕۆکەوە لە سەر هێندێ ژانری تری سینەما وەک فیلمە مێژووییەکان بەرچاو دەکەوێت. سەرەڕای ئەم کاریگەرییانە ئەو بابەتەی بە لای منەوە سەرنجراکێشە سەرهەڵدانی دووبارەی ئەم ژانرە لەم سەردەمەدا، واتە سەدەی بیست و یەکدایە. ئەوەیش بە بۆچوونی هەندێک دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی سینەما بە فرە رەنگی و فرە دەنگی لەم سەردەمەدا، چونکە بە درێژایی مێژوو دەرکەوتووە کە بەستنەوەی سینەما بە تەنیا چەند ژانرەوە دەبێتە هۆی دوبارە و بەکلیشەیی بوونی ئەم هونەرە. کەواتە بەشێکی جیانەکراوەی جوانی هونەری سینەما دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فرە رەنگی و فرە دەنگیەی کە لە پێناو بۆچوونە جیاوازەکان و ژانرە جۆراوجۆرەکان بەدی دێت. بە جۆرێک کە بە باوەڕی تیورسینەکان بەربەرەکانی ئەم بۆچوونانە دەبێتە هۆی چالاک بوون و پێشکەوتنی بواری سینەما. ئەم بۆچوونەیش هەندێک لە دەرهێنەرانی هانداوە بۆ چێژوەرگرتن لە ژانرە کۆنەکان و دوبارە نوێکرنەوەی ئەوان. هەر بەو پێیەش یەکێ لەو ژانرانە کە کەوتۆتە سەر رێگای خۆ نوێکردنەوە، ژانری داستانییە. ئەم ژانرە لەم سەردەمەدا بە چێژوەرگرتن لە خاڵە نێگەتیف و پۆزەتیڤەکانی مێژووی خۆیی و ئەزموونی ژانرەکانی تر و هەروەها ئەو تەکنیکە تازانەی کە لە دونیای دیجیتاڵ بەدەست هاتووە، گۆڕانکاری زۆری لە خۆیدا بەدیهێناوە. جێی ئاماژەیە کە ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژی و زانیارییەی کە دونیا بەگشتی و سینەما بە تایبەت توانیویەتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بووەتە هۆی ئەوەی کە





گەورەترین دیمەنەکان، زەبەلاحترین کۆشکەکان و سوپاکانیش بە تەکنیکی کۆمپیوتەری دروست بکریتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر بۆ دروستکردنی دیمەنێکی وەها دەبوایە هەزاران کەس وەک ستافێکی لێهاتوو لە پاڵ بودجەیەکی سەرسوڕهێنەر کاریان بکردایە. بەهەر حاڵ بەم نوێکردنەوەیە دەتوانین هەندێ شێوەی جیاواز لە چەند فیلمی داستانی ئەم سەردەمەدا ببینین. بۆ نموونە ئەم ژانرە لە ئەمریکا بە فیلمی گلادیاتۆر (Gladiator) لە دەرهێنانی ریدلی سکۆت لە ساڵی ٢٠٠٠ (ئەم فیلمە لەو کاتەدا توانی چەند خەلاتێکی ئوسکار بەدەست بێنێت)سەری هەڵدا.

تەنانەت لە وڵاتی چینیش بە شێوازێکی بەرفراوانتر و لە دوو فیلمی قارەمان (Hero) ٢٠٠٢ لە دەرهێنانی رانگ یێمو و فیلمی شاخی سور (Red cliff) ٢٠٠٨ لە دەرهێنانی جان و سەری هەڵ داوەتەوە و بەرەو گەشەسەندن دەڕوات. هەڵبەتە بە بڕوای من لە بەینی ئەو فیلمە داستانییانەی کە لەم سەردەمەدا دروستکراون دوو فیلم زیاتر لە هەموویان سەرنجراکێشن. یەکێ لەوانە فیلمی ترۆیە (Troy) کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەمریکا بەرهەمهاتووە و دەرهێنەرەکەی ولف گانگ پترسنی ئالمانییە، لەم فیلمەدا چەند پرنسیپێکی ژانری ئەکشنیش بە کارهێنراوە، کەواتە ژانری ئەم فیلمە ئەکشن/ داستانی ( epic/ action ) بەژمار دێت. (جێی ئاماژەیە لەم سەردەمەدا دەرهێنەرەکان هەندێ جار بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی تازە و تەنانەت بە پێی پێویست ژانرەکان تێکلاوی یەکتر دەکەن و تێدەکۆشن بە ئاگایی تەواو چێژ لە تواناکانی هەرکامیان وەر بگرن.) بە کورتی دروستکردنی ئەم فیلمە لەم سەردەمەدا ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە داستانە کۆنەکان لە سەروو هەموویانەوە ئلیادە و ئودیسەی هومێر ئەو توانایان تێدایە کە لە چوارچێوەی فیلمێکی داستانی مۆدێرن دووبارە دروست بکرێنەوە، بەجۆرێک کە دەتوانن خاوەن ئیستێتیک و جوانی تایبەت بە خۆیان بن. هەڵبەتە ئەم فیلمە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی تایبەت بە خۆیەتی کە وردبوونەوە لەوانە پێویستی بە وتارێکی جیاوازە.




فیلمێکی گرنگی تری ئەم ژانرە ئاڤاتارە (Avatar) (٢٠٠٩) کە دەرهێنەرەکەی جیمز کامیرۆنە و لە ئەمریکا بەرهەم هاتووە. بە پێچەوانەی هەموو فیلمە داستانییەکان رووداوی ئەم فیلمە لە سەدو پەنجا ساڵی داهاتوودا واتە لە ساڵی ٢١٥٤ روودەدات. کەواتە چیرۆکی ئەم فیلمە داستانییە لە ئەدەبیاتی داستانی کۆنەوە وەرنەگیراوە، ئەمەیش تایبەتمەندیەکی گرنگە. ژانری ئەم فیلمە ئاوێتەیەکە لە ژانری داستانی و زانستی خەیاڵی (epic- science-fiction). خاڵی بەرچاوی ئەم فیلمە ئەوەیە کە قارەمانە داستانییەکەی بەرهەمی دونیای ماشێن و تەکنۆلۆژییە، ئەم قارەمانە لە دوای بەرهەم هاتنی دەچێتە ناو کۆمەڵێک خەڵکەوە کە وەک مرۆڤە ئەوەلیەکان لە ناو ئایین و سونەتدا دەژین. ئەم خەڵکە بۆ پێداویستی رۆژانەی خۆیان لە حەیوانەکان بەهرە دەبەن. بە گشتی ئێمە لەم فیلمەدا دوو دونیا رووبەڕووی یەکتر دەبینینەوە یەکێکیان دونیای ماشێن و تەکنۆلۆژیە و ئەویتریان دونیای ئایین و سونەتەکانە. ئەوەی کە ئەم دوو دونیایە بەیەکەوە دەبەستێتەوە خۆشەویستییەکە لە نێوانی کچ و کوڕێکدا کە هەرکامیان هی یەکێ لەو دوو دونیایەن. هەڵبەتە لەم فیلمەدا دونیای ماشێن دونیایەکی خراپەکار و قین ئەستوور نیشاندراوە کە لە ئاکامیشدا لەبەرامبەر دونیای ئاییندا (کە نیشانەی هێزە رۆحی و دەروونیەکانی مروڤە) شکست دێنێت. بە کورتی دروستبوونی ئەم دوو فیلمە لە دەیەی ئەوەڵی سەدەی بیست و یەکدا، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم ژانرە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە خاوەن بناغەیەکی (گەنجینەیەکی) گەورە و بەربڵاو لە بەینی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بەناوی ئەدەبیاتی داستانییە، ئەو توانایەشی هەیە کە بە پێی پێویست لەگەڵ ژانرە سینەماییەکانیتر تێکەڵ ببێت و لە زانستی سەردەمیانەیش کەڵک وەربگرێت و بەرهەمێکی تازەو سەردەمیانە بخوڵقێنێت.

**تێبینی:** (ژانری داستانی) لەبەرامبەر (Epic gener)ی ئینگلیزی و (ژانری حماسی) فارسی بەکاربراوە.

**رێفرێنسەکان:**


-مێژووی سینەما. دەیڤید بۆردوێل کریستیەن تامسون. وەرگێڕانی بۆ فارسی رۆبێرت سەفاریان. چاپی مرکز (نشر مرکز) . ١٣٨٣ هەتاوی. تاران.

-مێژووی سینەمای دونیا. دەیڤید ئێکوک. وەرگێڕانی بۆ فارسی هوشەنگ ئازادیوەر. چاپی چەشمە (نشر چشمە). ١٣٨٠ هەتاوی. تاران.

-چەمکە ئەساسیەکان لە خوێندنەوەی سینەماییدا. سوزان هیوارد. وەرگێڕانی بۆ فارسی فەتاح موحەمەدی. چاپی هەزارەی سێهەم ( نشر هزارە سوم). ١٣٨١ هەتاوی. تاران.

# وێنە لە ڕۆماندا

## وێنە لە سینەمادا

حەسەن حسێن



لە دوو سەدەی رابردوودا رۆمان بەسەر هەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا هەژموندار بوو. کاتێک سینەما سەریهەڵدا، ئەویش بێ بەش نەبوو لەو هەژموونەی رۆمان، سینەماش بەپێی خۆی کاریگەری لەسەر رۆمان دانا. بۆیە دەبینین رۆمان و سینەما چەندین توخمی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە، وەکو گێڕانەوە، وێنە، رووداو، کات و شوێن، جگە لە فەزا و ئەتمۆسفێری ناوەوەی هەریەکە لەم دووانە. بۆ نموونە هەندێکجار بینینی کارێکی سینەمایی وەک خوێندنەوەی داستانێک وایە و بەپێچەوانەیشەوە فەزای ناوەوەی هەندێک کاری ئەدەبی هێندە پڕ وێنە و جووڵەیە کە لە شاکارێکی سینەمایی دەچێت. کەوایە دەکرێت بڵێین ئەم دوو شێوازەی دەربڕین هەم لەیەک دەچن و هەم جیاوازیشن، هۆکاری سەرەکی ئەم موفارەقەیەش وێنەیە.

لە هەشتاکاندا کە خوێندنەوەی چیرۆکێک یا رۆمانێک سەرسامی دەکردم لە دڵەوە خۆزگەم دەخواست ئەو کارە ئەدەبییە بکرێتە فیلم. هەڵبەتە ئەو دەمە باسێک لە سینەما و فیلمی کوردی لە ئارادا نەبوو، ئەو زانیارییانەش کە لەسەر سینەما هەمبوون تەنها لە رێگەی سەیرکردنی فیلم و چوونە سینەما و کەڵکەڵەی هەواڵی سینەماکارانەوە بەدەستم هێنابوون، بۆیە ئەو کاتە زۆر بۆم روون نەبوو کە چ شتێک وا دەکات حەزبکەم کارێکی ئەدەبی جیا لەکارێکی دیکە بەفیلم ببینم. بەڵام دواتر بۆم روون بووەوە، ئەوە وێنە و دیمەنە لە نێوکارێکی ئەدەبیدا کە نزیکی دەکاتەوە لەکارێکی سینەمایی یا لایەنی کەم توخمێکی گرنگە بۆ ئەوەی چانسێکی بداتێ تا ئامادەبکرێت (Adaptation) بۆ سینەما.

زمانی وێنە لە رۆماندا وشەیە، وشەش خۆی شتێکی ئەبستراکتەو ئەرکێکی دەلالیی هەیە، واتە وشەکان وەکو هێما دێنە ناو خەیاڵ و ئەندێشەی خوێنەرەوە، ئەویش لە مێشکیدا دەیانگۆڕێت بەوێنە و دیمەنیان لێ بەرهەم دەهێنێت. ئەوەش کە یاریدەی پرۆسیسی بەرهەمهێنانی وێنە و دیمەنەکان دەدات، ئەو وەسفانەیە نووسەر بەکاریان دەهێنێت، کە زیاتر لە کێشانی سکێچێک یا دروستکردنی هێڵە سەرەکییەکانی چەند فیگەرێک دەچن کە ئەرکی تەواوکردنیان بەخوێنەر بسپێردرێت، لەم نێوەدا نووسەر و خوێنەر دوو جەمسەری تەواوکەری یەکترن، ئەم ئاڵوگۆڕ پێکردنەی بەرهەمهێنانی وێنەییش لەنێوان نوسەر و خوێنەردا، وا دەکات کە خوێنەر رادەیەک ئازادی هەبێت لەو وێنانەی کە بۆ کارەکتەرەکانی دەکێشێت. ئەمەش لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە پرۆسیسی خوێندنەوە زیهنییە و پێویستیی بە ئەندێشە و خەیاڵی خوێنەر هەیە و ئینجا لێکدانەوە یاخود راڤەکردن، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە خوێندنەوەش خۆی کارێکی تاکگەراییانەیە بەپێچەوانەی تەماشاکردنی فیلمەوە کە بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێت. لە یەک رستەدا وێنە لە رۆماندا پشت بە ئەندێشەکردن دەبەستێت و نووسەر لەرێگەی وشەوە وێنە دروست دەکات.

بەڵام لە سینەمادا وێنە بەهۆی کامێراوە دەردەبڕدرێت، واتە پرۆسەیەکی میکانیکییە، وێنە و دیمەنەکان خەسڵەتێکی بەرجەستەیان هەیە و لە ڕێگەی هەستی بینینەوە، پاشان هەستی بیستن، دەگەنە بینەر. بەرجەستەبوونی وێنەی کارێکتەر و لۆکەیشنەکان بەشێوەیەکی واقیعی، نەک لەرێگەی ئەندێشەکردنەوە، ئەو توانابیەی کامێرا نیشانی دەدات لەوەی کە چۆن وێنەی خەیاڵ و فەنتازیای مرۆڤ بگرێت و نمایشیان بکات. لەم رووەوە نوسەر و دەرهێنەری فەرەنسی» ئابیل گانس» لەو پەڕی سەرسامی خۆیدا بەرامبەر بە وێنە دەڵێت: (ئیدی سەردەمی وێنە هات. هەموو خورافەکان، ئەفسانە، دامەزرێنەری ئایینەکان و خودی ئایینەکانیش، هەموو کەسایەتییە مەزنەکانی مێژوو، چاوەڕوانی ناردنی ئەو تیشکەن، هەرچی پاڵەوانەکانیشە لەبەردەم دەرگاکانماندا پاڵەپەستۆیانە بۆ ئەوەی بێنە ژوورەوە، هەموو خەونەکانی ژیان و سەرجەم ژیانی خەونەکان، ئامادەن بەسەر ئەو شریتە هەستیارەدا گوزەر بکەن، وڕێنە ناکەم گەر بڵێم هۆمیرۆس لێیدەوشایەوە کە (ئیلیادە) و بگرە (ئۆدیسا)کەیشی لەسەر ئەم شریتی فیلمە چاپ بکات، ئەمەیە هەقیقەتی سینەما). ئەم بۆچوونەی گانس نەختێک زیادەڕەوی و پێوەنانی تێدایە، چونکە هەرچەندە وێنەی سینەمایی، لە دەربڕیندا هەندێک جار وێنەی ئەدەبی یا رۆمان تێدە پەڕێنێت، بۆ نمونە چیرۆکنووسێک رەنگە پێویستی بە چەند لاپەڕەیەک هەبێت بۆ وەسفکردنی جوانیی سیمایەک یا باسکردنی شوێنێک، لەکاتێکدا کامێرا دەتوانێت ئەو وەسفە بە گرتەیەک نیشان بدات. بەڵام هەندێکجاریش دەربڕینی وێنەی سینەمایی ناگاتەوە بە رۆمان و کورت دەهێنێت. بۆنمونە رۆمان دەتوانێت لە باسکردنی باری دەروونی کارەکتەرەکانیدا قوڵ بەناخ و دەرونییاندا رۆبچێت،



بەڵام کامێرا تەنها ئەوەندە دەتوانێت کە وێنەی دەرەوەی روخساری کارەکتەرەکە نیشان بدات و دەربڕینەکانی دەم و چاو و روخساری دەربخات. هەروەها سەرەڕای ئەو ئیستاتیکایەی وێنەیەکی سینەمایی هەیەتی و ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر هەست و چێژی بینەر دایدەنێت، بەڵام بەرجەستەبوونی وێنەکان لە شەخسیەتی راستەقینە و مرۆییدا، ئەو ئازادییە لە وەرگر دەسەنێتەوە کە لە رۆماندا هەیەتی، لە ئەندێشەی خۆیدا سیمای کارەکتەر و شوێنەکان بکێشێت.

لێرەوە پرسیاری ئەوەی کە ئایا رۆژێک دادێت سینەما جێگەی رۆمان بگرێتەوە؟ رەنگە ناماقوڵ و نەشیاو بێتە بەرچاو، چونکە ئەو وەزیفەیەی کە رۆمان لە نێو کەلتوردا هەیەتی، سینەما ناتوانێت پڕا و پڕ ئەنجامی بدات. تەنانەت گەلێک رەخنەگر و خاوەن رێبازی سینەماییش ئەوە رەت دەکەنەوە کە ئەرکێکی رۆشنبیریی لە رادەبەدەر بسپێردرێت بە سینەما، هەر وەک ئەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا هەوڵەکانی دەرهێنەری روسی سێرگی ئایزنشتاین، سەرەڕای ئەو داهێنانەی لە بواری مۆنتاژی سینەماییدا ئەنجامیدا، بەڵام رووبەڕووی رەخنەی رەخنەگران و بیرمەندانی بواری سینەمایی بووەوە.

**سەرچاوە:**

١- اشکالیه العلاقه المتبادله بین الروایه و السینما، قاسم علوان، المدی.

٢- تقنیه الکتابه بین الروایه و السینما، نورالدین محقق، www. aljabriabed.net

# ئەدەبیات و سینەما؛

## پەیوەندییەک بۆ هەموو وەرزەکان

رەزا عەلی پوور




١-ســاڵی ١٩٢٩ سێرگی ئایزێنیێشــتاین دەرهێنەری گەورەی یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ گەورەترین نووســەری سەدەی بیستەمدا واتە جیمز جۆیس دیدار دەکات، لەو دیدارە گرنگەدا تەنها شتێک کە دەگێڕدرێتەوە چەند وتەیەکە لە هەر دوو داهێنەر؛ ئایزێنیێشــتاین پاش خوێندنەوەی رۆمانی ئولیس وەک گرنگترین رۆمانی سەدەی بیستەم، دەڵێ «ئەوەی جۆیــس بە ئەدبیات دەیــکات، بە تەواوی نزیکە لــەوەی کە ئێمە بە سینەماتۆگرافی دەیکەین و تەنانەت زۆر نزیکتر لەوەی ئێمە دەیکەین»، پاش خوێندنەوەی رۆمانی ئولیس ئایزێنیێشتاین بەو ئەنجامە دەگات کە لە رووی کاپیتاڵی مارکســەوە فیلمێک دروســت بکات، بەڵام لەســەر هەمــان بنەڕەتی زمانیی رۆمانی ئولیس، ئەگەرچی ئەمە رەنگە یەکێک لــە بوێرانە تریــن و بەرزەفرانەترینی ئەو خەونانە بێت کە ســینەما بینیویەتی، بەڵام دواتر لە وتەیەکی بەناوبانگی دیکەدا دەڵێ وا باشترە کاپیتاڵ وەک کتێب بمێنێتەوە و منیش «زرێپۆشی پوتێمکین» دروست بکەم. لەملاشەوە جۆیس دەڵێ ئەگەر کەسێک لە ئولیس تێگەیشتبێت و بتوانێ بیکات بە فیلم ئەوکەســە ئایزێنشــتاینە. بەشێکی ئەم وتانە بۆ کەســانێک کە تا رادەیەک لە شێوازی ئەو دوو داهێنەرە ئاگادار بن جێگەی سەرســوڕمانە. لە قۆناغی یەکەمدا بیسەری ئەو وتانە دەتوانێ بڵێ رۆمانی ئولیس (کە من دوو بەشیم خوێندووەتەوە) بە رستەگەلی درێژو هەناســەی بڕەوە، بە تەکنیکی شــەپۆلانی زەینەوە و بە زەینی گەرایيە ســەیر و سەمەرەکەیەوە دەبێ دوور بێت لە شێوازی مونتاژی ئایزێنیێشتاین بە شۆتە کورت و خێراکانییەوە. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بپرســێت ئایزێنیێشتاینێک کە تاکی بەلاوە قارەمان و گرنگ نییە چۆن ستایشی رۆمانێکی مودێرنیستی دەکات کە هەمووی شەرحی ژیانی ٢٤ کاتژمێر لە ژیانی کەسایەتییەکە واتە «لئو پولد بلوم» ؟

٢-لە رواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە شــێوازی ئەو دوو کەسە لە یەکتر جیا و دوورن. بەڵام دەکرێ رازی ئەو لێکتێگەیشتنە تەنها لە وتەیەکی سواو و تا رادەیەک راستدا بێت کە دەڵێ لە سینەمادا شۆت، هاوشانە لەگەڵ وشــە لە ئەدەبیاتدا. ئەگەر بەم پێوەرەوە سەیر بکەین دەبینین هەردوو داهێنەرەکە لەســەر شۆت و وشــە حەساسییەتێکی تایبەتیان بووە و لای هەردوویان لە پاڵ یەکدانان و لێکدرانی ئەو دوو شۆت یان دوو وشەیە گرنگ بووە و شتێکی سێهەمی لێکەوتووەتەوە، وەک چۆن لە ئولیسدا یەکێک لە تەکنیکە زاڵەکانی جۆیس تێکەڵکردنی دوو وشەو درووستکردنی وشەیەکی دیکەیە لەو تێکەڵکارییە، لای ئایزنێشتاینیش ئاشــکرایە کە وەها تەکنیکێک لە شــێوە مونتاژی رۆشــنبیرانە، یان دیالێکتیکیــدا دەبینــرێ. نموونەی جۆیس و ئایزنشــتاین لەو نموونە دەگمەنانــەن کــە رێکەوتنێکی تەواویان لەســەر بەرهەم و شــێوازی یەکتر هەیە، بەڵام هیچ شــتێکی لێنەکەوتــەوە. هەرچەند دوو فیلمی دیکە لە ســەر ئەساسی ئەو رۆمانە درووســت بووە بەڵام نەیاتوانیوە نیوەی ناوبانگی ئولیس دەربکەن. ئایا پاش ئەو هەموو پێشکەوتنە لە سینەمادا و کەشفبوونی تەجرەبەی ئایزێنیێشتاین و... ئەو سەرنەکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ نەتوانایی ئەو دوو دەرهێنەرە و هەموو سیناریســت و گرووپەکەیان، یان دەگەڕێتەوە بۆ خودی رۆمانەکە؟

٣-خۆزێ ســاراماگۆ لەم رۆژانەدا مرد. مردنەکەی بووە هۆی ئەوەی جارێکــی دیکە کتێبــی کوێری کــە نۆبێلی ئەدەبیاتــی پێ وەرگرت بخوێنمەوە و ســەرلەنوێ سەیری فیلمەکەی فێرناندۆ میرلێس بکەمەوە کە لەســەر ئەساسی ئەم کتێبە دروستی کردووە، ئەوەی ئەو رۆمانەی خوێندبێتەوە بە ســانایی پەی بەوە دەبات کــە میرلێس رۆمانێکی لە بنەڕەتدا دژواری بۆ بە فیلــم دەرهێنان هەڵبژاردووە، ســەبارەت بە شــێوەی ئێقتباس و دیالۆگ شــتێکی ســەرتر، یان تەنانەت لە ئاستی رۆمانەکدا نابینرێ، بەڵام لەملاشــەوە تارادەیەک سەرکەوتووانە توانیویە وەهــا رۆمانێک بــکات بە وێنەی ســینەمایی، بۆیە ئەگەر تەنها وەک ســینەما ســەیری بکرێت بە بێ ئەوەی سەیری رۆمانەکە بکرێت دەبینرێ لە رێگەی زمان و تەکنیکی سینەماییەوە، لە رێگەی مۆسیقا و نواندنەوە و لە رێگەی نیشاندانی فیزیکیی رووناکی و رەنگەوە تێم و بابەتی ســەرەکیی ررمانەکەمان پــێ دەگەیەنێت. بــۆ نموونە بــە کەڵکوەرگرتنی سەرکەوتووانە لە رەنگی سپی، وەک نیشانەی کوێر بوون (کــە خۆی کۆیەک لە هەموو رەنگەکانە) و نیشــاندانی ئاژاوە و ئانارشــیی پاش کوێربوونی هەموویــی، لە رێگەی جووڵــەی خێرای کامێرا و کادری خوار و خێچەوە.. توانیویە فیلمێکی جێ سەرنج ســاز بکات. بەڵام کاتێک بەراوردێک لە رێگەی سیناریۆوە دەکەین، دەبینین فیلمی کوێری لە چاو یەکەم فیلمی بڵندی هەر ئەم دەرهێنەرە واتە شاری خودا، ئەو ســەرکەوتنەی پێوە دیار نییە، ئەمەش نەک لەبەر لاوازیی زمانی ســینەمایی دەرهێنەر، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی رۆمانە خوازە (Metaphor)ییەکەی ســاراماگۆ و رۆمانە واقیع گەرا و ریالیستییەکەی شاری خودای پائۆلۆ لینز، کەواتە دەتوانین بڵێین رۆمانی مودێرنیستی، دژواریی زیاتری هەیە بۆ بە فیلم دەرهێنان لە چاو رۆمانی ریالیســتی کە عەینییەتێکــی زیاتری تێدایە و زۆرجار لە گۆشــە نیگای سێهەم کەسەوە دەگێڕدرێتەوە کە نزیکە لە سروشتی دیتنیی کامێرا، لێرەدا رەنگە رازی سەرنەکەوتوویی دوو دەرهێنەرەکەی ئولیسی جۆیس بدۆزینەوە. لەهەرحاڵدا ئەگەرچی هەردوو ئێقتباسەکەی فێرناندۆ میرلێس ئەمانەتدارانەن (کە رەنگە ئەمە لە ئێقتباســدا گرنگ نەبێت) و فیلمانێکی جێگەی ســەرنجن، بەڵام دیســان نەیتوانیوە ئەو رێکەوتنە ئایدیالییەی جۆیس و ئایزێنشتاین زیندوو بکاتەوە.

٤-فرانســوا ترۆفۆ ســەبارەت بە شــاکاری ژوول و ژیم دەڵێ ئەبێ ســادقانە بڵێــم کە کتێبەکەی هێنری پیرۆشــە بە باشــتر دەزانم لە فیلمەکەم و ناڕاحەتم لەوەی نەمتوانیوە ئەوشــتەی کتێبەکە توانیویە منیش دەریبخەم. ئەمە لە کاتێکدا کەم کەس ئاگاداری ئەوەیە ژوول و ژیم لە رۆمانێک وەرگیراوە. ئەگەر لە نموونەی جۆیس و ئایزێنیێشتایندا هەردوو لای ئەدەب و سینەما سەردەکەون و لە نموونەی کوێریدا کتێبەکە بەســەر فیلمەکەدا سەردەکەوێت، بەڵام لە نموونەی ژوول و ژیمدا ئەمە فیلمەکەیە لانیکەم لە باری ناوبانگەوە- بەسەر کتێبەکەدا زاڵ بووە. لە کاتێکدا کە بە وتەی دادلی ئاندرۆ، نیوەی زیاتری سیناریۆی فیلمەکان لــە رۆمانەکان وەرگیراون، پەی بــردن بەوەی کە چ جۆرە وەرگرتنێک دەتوانێ سەرکەوتوو



بێت بەشێکە لە تێگەیشتن لە سینەما، بە نیســبەتی ئیقتباســەوە نموونەی ئێجگار زۆر هەیە کە کتێبێک بە بۆنەی ئەوەی فیلمێکی لێ دروستکراوە، کەوتووەتە بەرچاو و کتێبیش هەر رێک لەبەر ئەوەی فیلمی لێ دروســت کراوە لەبەر چاو ون بووە. بەڵام پێش هەموو شــتێک دەبێ کۆمەڵێک حەقیقەتی بەڵگەنەویســت ســەبارەت بەم دوو میدیۆمە بزانین تاکوو لــەو کاتەیدا لە پاڵ یەکدا دادەنرێن، تووشی هەڵە نەبین: بە وتەیەکی سادە و هەندێجار فەرامۆش کراو، ســینەما و ئەدەبیات دوو میدیۆمی لێــک جیاوازن و هەرکامیان مێژووی خۆیان هەیەو رەنگە نەکرێ شتێکی زیاتر لەوەی کە لە نیگای یەکەمدا دەبینرێ، ســەبارەت بە خاڵە هاوبەشــەکانیان باس بکرێت.




ئەوەندە هەیە کە سینەما و ئەدەبیاتی گێڕانەوە، هەردوویان مەیلێکی بەرفراوانیان هەیە بۆ نواندنەوەو دەربڕین، بەڵام وەک رابێرت مەک کی دەڵێ، رۆمان دەربڕ و نیشاندەری ململانێ دەروونی و ناوەکییەکانە لە کاتێکدا سینەما ژووەر تاکیترە، خودی ئەم خاڵە وادەکات چەندە رۆمان بەرەو ئەو مەبەستە حەرەکەت بکات بە فیلمکردنی دژوار و ناسەرکەوتوو بێت، بەڵام هەر ئەو خاڵە هاوبەشە؛ واتە ویستی نواندنەوە و دەربڕین، بۆ خۆی وادەکات گەلێک لێکچوویی لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ببێت و سنووری نێوان ئەدەبیات و سینەما سەرەڕای جیاوازییە گەورەکانیان هێندە نزیک بێت کە کەسانێکی وەک ژان کۆکتۆ، پازۆلینی، رۆب گێریێ و مارگریت دوراس و دەیانی دیکە لە نێوان ئەدەبیات و سینەمادا لە هاتووچوودا بن.

٥-بە نیسبەتی سینەماوە بەردەوام ئەم وەسوەسەیە بووە کە لەگەڵ هونەرەکانی دیکەدا بەراورد بکرێت. ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەر لەسەرەتاوە سینەما خرایە بەراوردکردنەوەو دەخوازرا لەوێوە رەفز بکرێتەوە. هەرچەند ئەگەر بە وردی بەراوردێک لە نێوان ئەدەبیات و سینەمادا بکرێت، بێ ئەوەی لە نرخی کەم ببێتەوە، بێگومان سینەما قەرزداری ئەدەبیات دەبێت، ئەمەش نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەدەبیات مێژوویەکی دوور و درێژتری هەیە، بەڵکوو لەبەر چییەتیی جیاوازی ئەو دوو میدیۆمە، کە سینەما پێکهاتێکە لە کۆی هونەرەکانی دیکە و هاوکات بوونێکی سەربەخۆشی هەیە، لە کاتێکدا ئەدەبیات بە سەدان ساڵ بێ نیاز لە سینەما ژیاوە و گەشەی کردووە. رەنگە لە روواڵەتدا وا دەربکەوێ کاتێک باس لەسەر پێوەندیی ئەو دوو میدیۆمە دەکرێ، مەبەست تەنها وەرگرتن و ئێقتباسی هەندێ دەقی داستانی و گێڕانەوەیی بێت کە تا ئێستە سەدان ملیون دۆلار بە بەرهەمە ئەدەبییەکان دراوە بۆ ئەوەی بکرێن بە فیلم، لەکاتێکدا وێنەی کاریگەرێتی وەرگرتنی سینەما لە ئەدبیات، گەلێک لەوە زیاترە کە تەنها بۆ ئیقتباس کورت بکرێتەوە. سینەما خوازراو، یان نەخوازراو گەلێک تەکنیکی ئەدەبی و تەنانەت زاراوەی لە رەخنە و تیۆریی ئەدەبی وەرگرتووە کە بە بێ ئەوانە رەنگە گێڕانەوە و رەوایەتی سینەمایی مانایەکی نەبێت. خودی گێڕانەوە، سینەمای شاعیرانە، فلاش بەک، سۆسپانس، کەسایەتی داڕێژی، ژانر، و.. لەو نموونانەن. جگە لەوە گەڕانەوە بۆ سەرەتای پێوەندیی سینەما و ئەدەبیات ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەدەبیات لە قۆناغێکی گرنگدا رزگاریدەری سینەما بووە؛ ساڵانی ١٩٠٧ و ١٩٠٨ تێکراری بوونی زۆربەی چیرۆکەکانی فیلم وایکرد کە بینەرانی فەرەنسەوی وەک شوێنی لە دایکبوونی سینەما- لە فیلم بتەکێنەوە و نارازی لە ساڵۆنەکان بێنەدەر، تەنانەت هەندێ لەم قەیرانەوە بە خێرایی باسیان لە مەرگی سینەما کرد. بەڵام پاش ئەوەی کە نووسینی سیناریۆکان سپێردرا بە نووسەرانی بە ناوبانگی ئەوکات وەک ئاناتۆل فرانس و هێنری لاودان و بەرهەمی کەسانێکی وەک ڤیکتۆر هۆگۆ و ئالفۆنس دوودێ و.. کران بە سیناریۆی فیلمەکان، سینەما توانی لەو قەیرانە دەرباز بێت. ئەمە جگە لەوەی وەک دەبینرێ، پاش پێوانی قۆناغی یەکەم، لە زۆربەی وڵاتاندا، لە دووەم قۆناغدا کە قۆناغێکی هەستیارە، روو لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو وڵاتە کراوە و ئەو قۆناغە هەستیارەیان بە یارمەتیی ئەدەبیات پێواوە.

٦-لەو کاتەوە کە گریفیس، لە ١٩١٥ بەملاوە هەوڵی دا زمانێکی گێڕانەوەیی بۆ سینەما بدۆزێتەوە و خۆی لەگەڵ چارلز دیکێنزدا بەراورد کرد، دەرکەوت کە سینەما بەردەوام چاوێکی لە ئەدەبیات و بەتایبەت هونەری گێڕانەوە بووە، ئەگەر گریفیس بە باوکی چیرۆکبێژی و گێڕانەوە لە سینەما دابنێین. بەڵام ئەمە لە سەردەستی ئایزێنێشتاین بوو کە بە مونتاژ ئەو هەلەی رەخساند کە سینەماش وەک قەڵەم بتوانێ ئێدیت بکات، لە ئایزێنێشتاین بەملاوە کامێرا هەندێ توانایی قەڵەمی وەرگرت و هەر لەوێدا ئامراز و زمانی خۆی بۆ ئێدیت دەدۆزێتەوە. ئیدی کامێرا بەو جەختە گرنگەیەوە لەسەر مونتاژ، تەنها گێڕانەوەی سادە و رێکۆردکردنی سادەی واقیعییەتی بۆ گرنگ نەبوو. وەک لە پێشدا گوترا خاڵێکی هاوبەشی سینەما و ئەدەبیات، بە تایبەت رۆمان، نواندنەوەی واقیع (کە جیاوازە لە کۆپیکردنی واقیع) بووە، ئەگەر رۆمانی ریالیستی لەگەڵ فرتۆگرافدا لە دایک دەبێت، سینەماش لەگەڵ رۆمانی مودێرنێستیدا دەخولقێ، ئەم هاوزەمانییە، وادەکات کە سینەما بە خێرایی سەردەمی رۆمانی ریالیستی بپێوێت و بگات بە رۆمانی مودێرنیستی، لێرەدا دەبینین ئەگەر گریفیس خۆی لەگەڵ دیکێنزی رێئالیستدا بەراورد دەکات و دەپرسێ ئایا ئەم کارەی من هەمان شێوازی دیکێنز نییە، کەمتر لە ١٥ ساڵ بەولاوەتر ئایزێنێشتاین خۆی و جۆیس پێکەوە بەراورد دەکات کە جۆیس نزیک بە سەدەیەک لە دیکێنز دوورترە و بەرهەمەکانیشی کۆتایی رۆمانی مودێرنیزم و سەرەتای ئەدەبی پۆست مودێرنیزمە. هەر بۆیە سووزان سانتاگ پێیوایە مێژووی سینەما بە شێوەیەک تێکراری مێژووی رۆمانە. ئەمەش ئەو رایە دەسەلمێنێ کە سینەما زۆر بە خێرایی ئەو رێگەیەی پێوا







کە رۆمان پێوەیبوو، ئەگەرچی نووسینەوەی گەشەی سینەما بە بەراورد لەگەڵ گۆڕانی رۆماندا دەتوانێ گەلێک لایەن روون بکاتەوە و ئەو رایەمان بۆ دەربخات کە سینەما بە دوای رۆماندا رۆیشتووە، بەڵام سینەما دەستەوەستان نەبووە و توانیویە رێگەی سەربەخۆش بپێوێ و بگات بە هەندێ ئالتێرناتیڤی زمانیی تایبەت و تەنانەت لە هەندێ کاتیشدا زمانی سینەما و پێشکەوتنەکانی کاریگەرێتیشی لەسەر ئەدەبیات بووە. ئەگەرچی سینەما هێزێکی گەورەی لە نواندنەوەدا دۆزیوەتەوە، بەڵام دۆزینەوەی ئالتێرناتیڤێک لە پوتانسیەل و تەکنیکەکانی نواندن و دەربڕین وەک ئەدەبیات، گەلێک لەوە دژوارتر بوو کە لە رووالەتدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە لەو کاتەوەی سینەما ویستویە ئالتێڕناتیڤی زمانی بدۆزرێتەوە مەرەقێکی گەیشتن بە گۆشە نیگای یەکەم کەس بوو، چونکو کامێرا بەردەوام و بە شێوەی جەبری، سێهەم کەسە، بەڵام لە رۆماندا ئەمە (واتە گۆشە نیگای یەکەم کەس) بە سانایی دەکرێ، لێرەوە P.O.V شتێک نییە جگە لەوەی کە هەوڵدراوە بەرابەرێک بۆ ئەو گۆشە نیگایە ببینرێتەوە لەم نموونەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە سینەما نەک لە هەناوی خۆیدا بە تەنها، بەڵکوو بە چاوکردن لە ئەدەبیات، ویستوویەتی هەندێ کەمایەسیی زمانی قەرەبوو بکاتەوە و ئەمەش دەریدەخات کە گرێدراویی سینەما بە ئەدەبیاتەوە، تەنها ئیقتباس نییە و ئەگەر سەیرێکی پڕۆژە تیۆرییەکەی کریستییەن میتز بکەین دەبینین ئەم کەڵکەڵەی زمان داڕێژییە بۆ سینەما، لە گرنگترین پرسە سەرەکییەکانی موتالای سینەمایی بووە و تا ئێستەش لەو هەوڵەی بەردەوامە و ئەم هەوڵەشی بووە کە توانیویە وەک هونەرێکی کاریگەر و سەربەخۆ لە پاڵ ئەدەبیاتدا دابنرێت.

# مارکیز... رۆمانووسێک لەسینەمادا

کەریم مەلا

گابرێل گاریسیا مارکیز، رۆماننووسی گەورەی ئەمریکای لاتیین و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، هەرگیز رۆژێک لەرۆژان بیری لەوە نەکردبۆوە کە رۆمان و چیرۆکەکانی بکرێنە فیلمی سینەمایی و دەرهێنەران و بەرهەمهێنەرانی سینەما سیناریۆی بۆ دابڕێژن و بەو شێوازەی خۆیان دەیانەوێت بیخەنە سەر شاشەی سینەما، لەوانەش رۆدێلْڤۆ دی ئاندا ئەکتەرو بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری سینەما کار لەسیناریۆیەکی مارکیز بکات بەناوی سنوور کە مارکیز بەر لە ٤٠ ساڵ ئەو سیناریۆیەی نوسیبوو.

ئەو دەرهێنەرەش بەیەکێک لە هەرە بەناوبانگترین سینەماکارانی جیهان دادەنرێت و زیاتر لە ٥٠ ساڵە خەریکی کاری سینەماییە.

زۆربەی ئەو بیرۆکانەی کە مارکیز کاریان لەسەر دەکات، پەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی ئەمریکای لاتینیەوە هەیە، بۆ دروستبوونی ئەو بیرۆکەیەش مارکیز دەڵێت: یەکەمجار لەلایەن رێکخراوی یۆنسکۆوە داوام لێکرا، ١٣ بیرۆکەو چیرۆک لەبارەی رووداوەکان و ژیان و گوزەرانی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی ئامادەبکەم، کە تەنیا نیوسەعات کات هەبوو، هەر بۆ ئەو کارانەش گروپێکی چالاکی سینەمایی لەگەڵ مارکیز دەستبەکاربوون کە لە تەکنیکاران و دەرهێنەران و ئەکتەرانی سینەما لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ئیسپانیا لەو وەرشەیەدا کاریان لەگەڵدا دەکرد و هەموو ئەو کارانەش بە روئیایەکی هاوبەش و بیرۆکەی سینەمایی جوان جێبەجێ دەکران و کارەکانیشیان لەسەر ئاستی سینەمای جیهانی رەواج و ناوبانگی باشی هەبوو، ئەوە جگە لەو بەرهەمانەی خۆی کە بە دەزگای تری سینەما دەیفرۆشتنەوە.

مارکیز کەسێکە بەهرەکەی تەنیا لە یەک بواردا قەتیس نەبووە، بەڵکو

**مارکیز چەشنی رابەری ئۆرکسترایەک لەگەڵ گروپێکی سینەمایی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵ بەدوای وێنەی سینەمایی جوان و پڕ ستاتیکادا گەڕاوە، کە دواجار هاوسنووریەکی لەنێوان ئەدەب و سینەمادا دروستکردووە**



ئەو تواناو بەهرەو داهێنانەی کە لەئەدەبدا بەکاریهێناوە بەهەمان شێوەش لە سینەمادا رەنگیداوەتەوە، بەشێوەیەک کە ئەکادیمییانە کارەکەی ئەنجامدەدات، گرنگترینیان دەرکەوتنیەتی وەک نووسەر و بیرۆکەدارێژەری سیناریۆیەکی بەتوانا، بەشێوەیەک پەی بەو شتە شاراوانە دەبات کە پێشتر لە بواری سینەمادا ئاشکرا نەکراوە، ئەو چیرۆک و رۆمانانەی لە دووتوێی چەند لاپەڕەیەکی سیناریۆدا جێدەکاتەوە و واقیع و خەیاڵ بە شێوەیەک تێکەڵدەکات کە وەک چیرۆکێکی رووداوی راستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، بۆیە موبالەغە نیە ئەگەر بڵێین مارکیز لە سینەماکاران باشتر شارەزای هونەرەکەیەو دەتوانین ناویبنێین رۆماننووسێک لەسینەمادا.

ئەگەر رەهەندی دەروونی و پەیوەندیی شاراوەی پاڵەوانەکانی مارکیز ئاماژە پێبکەین، ئەوا دەبینین زۆربەی ئەو چیرۆک و سیناریۆیانە، تا ئاستێکی








باڵا تەکنیک و توانای هونەری تێدا بەکار هاتووە، پاڵەوانەکان رووبەرووی مەرگ و زەمەن و خۆشەویستی و قەدەر و پەشیمان بوونەوەو لە دەستچوونی کات و هەڵکەوت و دەرفەتەکانی خۆیان دەبنەوە، هەموو رووداوەکانیش جغزێکی ئەفسانەیی خۆیان هەیە، بەڵام مارکیز خوێنێکی دیکەیان بە بەردا دەکات و دووبارە لەگەڵ واقیع گرێیان دەداتەوە، بەشێوەیەک کە وا لە پاڵەوانەکان دەکات، جارێکی دیکە بە خۆیان دا بچنەوەو بەرەنگاری چەرمەسەرییەکانی ژیان ببنەوەو داخ بۆ رابردووی خۆیان بچێژن کە نەیانتوانیوە وەکو پێویست بە خۆشنوودی و کامەرانی بژین، لەوانەش پاڵەوانی رۆمانی یادەوەری سۆزانییە خەمبارەکەم، لە دوای تێپەڕبوونی ٩٠ ساڵ تەمەن، توانای جەستەیی خۆیی بۆ ئاشکرا دەبێت، کە نەک تەنها بتوانێت خۆشەویستی و دڵداری بکات، بەڵکو ئەو لەو تەمەنە گەورەیە لە توانایدایە، سێکسیش بکات، بەوەش مارکیز پێمان دەڵێت زەمەن مرۆڤ تووشی داڕووخانی جەستەیی دەکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو هێزە رۆحییە لە ناوماندا بکوژێت کە بۆتە ئەفسانەو روناکییەک لە دەرەوەی بازنەو جغزی زەمەندا یان لە ئاسمانێکی دیکەی جیاوازدا دەخولێتەوە، لەگەڵ ئەوەی پاڵەوانەکانی مارکیز دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو هێزە شاراوەو ئەفسووناوییەی خۆیان، بەڵام لە دوا جاریشدا سەر بۆ یاسا سەپێنراوەکانی زەمەن دادەنوێنن، کە زۆر جار بە مەرگ و بە دینەهاتنی خەونەکانیان کۆتایی دێت، ئەو حاڵەتانەش لە رۆمانی کەس نیە نامە بۆ کۆلۆنێل بنووسێت بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

هاوشێوەش لە رۆمانەکانی سەد ساڵ تەنیایی و خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرا، پاڵەوانەکان قوربانی دەستی رابردووی خۆیانن، بەڵام لە دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بە دەست گیرۆدە بوونیان لەو قەدەرەی کە بە سەریاندا سەپاوە، وەک خەونێک بە ئاگادێنەوەو هەوڵدەدەن رەوتی ژیانیان بگۆڕن و چیدیکە نەبنە قوربانی، بەڵام کاتێک بە ئاگادێنەوە هەرگیز ناتوانن بەو جۆش و خرۆشەی جاران بەردەوامی بە ژیان بدەن، بۆیە بە ناچاری لەو واقیعە هەڵدێن کە بە سەریاندا سەپێندراوە، لێرەدا مارکیز هەوڵیداوە سوود لە بیرکردنەوەی فرۆید وەربگرێت بۆ دەستنیشانکردنی پاڵەوانەکانی، بۆیە پاڵەوانی رۆمانی یادەوەری سۆزانییە خەمبارەکەم، هەمیشە لە خەونێکی دوور و درێژدایە بۆ دەستگرتن بە چێژ و خۆشیەکانی ژیانەوە.

لە بارەی گرنگی پەیامی سینەماشەوە، مارکیز پێی وایە ئەوەی بە نووسینی چیرۆک و رۆمانەکانی پێی نەکرابێت، ئەوا بەسینەما تەواویان دەکات و پەیامەکەی دەگەیێنێت، لە لێدوانێکیشیدا بۆ رۆژنامەی نیوز ویک لە ساڵی ١٩٩٦ دا دەڵێ: سینەما بەلای منەوە گرنگیکی تایبەتی خۆی هەیە، لە ژیانمدا سینەمام زۆر بەلاوە خۆشەویست بووەو لە هەرەتی لاوێتیشمدا بە رەخنەی سینەماییەوە سەرقاڵبووم،

مارکیز هەمیشە خەونی ئەوەبووە ئەو خەیاڵانەی کە وەکو تەونێک مێشکی تەنیوە لەکارەکانیدا رەنگبداتەوە، هەر بۆیەشە تەنها بە نووسینی چیرۆک و رۆمان نەوەستاوەو بەڵکو بوارەکانی هونەری سینەماشی تاقیکردۆتەوە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی، ئەو هەوڵانەشی کە بۆ پێکهێنانی وۆرک شۆپ و گروپی کاری سینەمایی داوە، یەکێکیە لەو هەنگاوانە، مارکیز پەیوەندییەکی پتەو بە سینەمای دەبەستێیتەوەو بۆماوەیەکی زۆریش هەرخۆی سەرپەرشتی قوتابخانەیەکی سینەمای کردووە لەکوباو زۆر لەنزیکیشەوە پەیوەندی توندو تۆڵی هەبووە لەگەڵ ڤیدل کاسترۆ، ژمارەیەکی زۆر لە سیناریۆی سینەمایی هەبووەو خۆی نووسیویەتیەوە جگە لەو سیناریۆیانەی کە لەلایەن سینەماکارانەوە لەبەشێکی زۆری رۆمانەکانی وەرگیراون، لەوانەش لەساڵی ١٩٦٥ سیناریۆی لەو شارەدا دز نیە کە لەلایەن ئەلبێرتو ئیسحاق و ئیمیلۆرییرا نووسراوەتەوەو لە ژمارەیەک رۆمانی مارکیز وەرگیراوەو هەریەک لە روسیۆ ساگۆن و گراسییلا ئەنیرکا رۆڵی سەرەکیان لەو فیلمەدا بینیوە، هەروەها سەردەمی مردن کە لەلایەن هەریەک لەمارکیز و کارلۆس فۆینتیس لە ساڵی ١٩٦٦ نوسراوەو چیرۆکەکە باسی تۆڵەسەندنەوە دەکات و ئەم فیلمەش یەکەم کاری دەرهێنانی لارتۆرۆ ریبیستین بوو.

**مارکیز: هەموو چیرۆکێک تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ سیناریۆنووس گرنگە ئەو تەکنیکە ئاشکرابکات**

مارکیز لەوتەیەکیدا دەڵێ: هەموو چیرۆکێک تەکنیکێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی گرنگە بەلای سیناریۆنووس ئەو تەکنیکە ئاشکرابکات، ئەوەی کە لەکارەکانی مارکیز رەنگیداوەتەوە ئەو هۆشیاریی و زیرەکییەیەتی لەبواری کارەکەیدا کە بە شێوەیەکی پیشەیی و ئەکادیمییانە کارەکانی بەڕێوە دەبات،

# پەیوەندی نێوان سینەما و ئەدەب

## پەیوەندییەکی هەمیشە زیندوو!

ئازاد کەرکوکی




دەستپێکردنی فیلمی سینەمایی لە جیهاندا بە ژانری دیکۆمێنتەری دەستی پێکرد، پاشان لە ماوەیەکی کورتدا توانرا سوود لە تێکستی شانۆیی و چیرۆک و نۆڤێل و رۆمان وەربگیرێت، سەرەتای ئەم پەیوەندییەی نێوان سینەما و ئەدەب زۆر بەسادەیی دەستی پێکرد، چونکە سینەما هونەرێکی نوێ بوو، هەروەها خاوەنی ئەم تەکنیکەی ئێستای نەبوو. بۆیە نەدەکرا کۆی رۆمانێک وەکو خۆی بکرێت بە فیلم، نموونەی رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) نوسەری بەناوبانگی روسی لیۆ تۆلستۆی کە ماوەی فیلمەکە لە ١٥ خولەک تێپەڕی نەدەکرد، چونکە تەکنیکی سینەمایی ئەو سەردەمە لەوەزیاتر بواری نەدەدا.

بەڵام سینەما جیا لە هەموو هونەرەکانی تر توانی دەرگا بەڕووی هەموو هونەرەکانی تردا بکاتەوە و لە لایەنی تەکنیکیشەوە هەنگاوەکانی زۆر خێراتر بوو لەوانیتر.

هەروەک دەزانن شتێک هەیە هونەری سینەما و شانۆ و هونەری رۆمان بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە، ئەویش هونەری گێڕانەوەیە، واتا گێڕانەوەی رووداوەکان، بەڵام هەریەکەیان بە شێوەی خۆی و تا ئەو پانتاییەی بۆی دەست نیشان کراوە. کەواتە فیلم چیرۆکێکە لەرێگای وێنەوە دەگێڕدرێتەوە، هەروەک رۆمان بە وشە ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئامرازی کاریگەریان جیاوازە، چونکە کاریگەری میکانیکی ئامێری وێنەگرتن جیاوازە لە کاریگەری ئەدەبی.

بێگومان لێرەدا ناکرێت باس لە هەموو ئەو رۆمان و چیرۆکانە بکرێت کە کراون بە فیلم، چونکە هەر لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیکی سینەمادا بەتایبەت لە ئەمریکا و فەرەنساو روسیا..هتد. چەندەها رۆمانی بەناوبانگی جیهان،وەک (بێنەوایان، ئانا کارینینا، پیرەمێرد و زەریا، برایانی کارامازۆڤ، ١٩٨٤، رۆمیۆ و جولێت، کولێرا، هاملێت، نامۆ، دایک، هێرۆشیما خۆشەویستەکەم..هتد) کران بە کاری زۆر گەورەی سینەمایی، بەرچاوترینیان لە ئەمریکا فیلمی (لەگەڵ رەشەبادا رۆیشت) لە نووسینی (مارگرێت میتشێل) و لە دەرهێنانی (ڤیکتۆر فلیمینگ) ە. لە فەرەنسا کارەکانی ڤیکتۆر هیگۆ. لە روسیا کارەکانی لیۆ تۆلستۆی و ماکسیم گۆرگی و دەستۆیۆفسکی و چیخەف بەناوبانگترینیان رۆمانەکەی (جەنگ و ئاشتی) لە ساڵی ١٩٦٨ کە زیاد لە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەو سەردەمە خەرجی بوو، کاتەکەی زیاتر لە ٨ کاتژمێر و لە دەرهێنانی سێرگێی باندارچوکە، دەرهێنەر تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە وەرگێڕانی رۆمانەکە وەک خۆی، بۆ سەر شاشەی سینەما.

لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان سینەما و ئەدەب، کۆمەڵێک بیر و بۆچوونی جیاواز لەلایەک لەنێو خودی سینەماکاران و لەلایەکی ترەوە لە نێوان سینەماکاران و نووسەران هاتنە ئاراوە. گرینگترینیان ئەم دوو بۆچوونە بوو کە تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە:

لایەنی یەکەم، پێیانوایە مادام کار لەسەر نوسراوێکی یان رۆمانێکی کەسێک دەکەی پێویستە رێز لە نوسین و بۆچوونەکانی ئەو نووسەرە





**مارکیز: چ نهێنیەک لەوەدایە، کە خواستێک وادەکات مرۆڤ هۆگری خوێندنەوەی رۆمان و چیرۆک بێت و لە پێناوی گواستنەوەی ئەو چیرۆکە بۆ سینەما قوربانی بدات.**




هەربۆیەش مارکیز ئەو توانایەی خۆی چ لەبوارەکانی ئەدەب و چ لەبواری هونەری سینەماش تاقیکردۆتەوەو داهێنانەکەشی لە پێکهێنانی وەرشەیەکی تایبەت لەبواری سینەما بەکارهێناوە، کە بیرۆکەکانی کردۆتە کارێکی پراکتیکی و بەدیهێنەری خەونەکانی.

مارکیز چەشنی رابەری ئۆرکسترایەک لەگەڵ گروپێکی سینەمایی ئەکادیمی و پرۆفیشنال بەدوای وێنەی سینەمایی جوان و پڕ ستاتیکادا گەڕاوە، کە دواجار هاوسنووریەکی لەنێوان ئەدەب و سینەمادا دروستکردووە، زۆر بە وریایش لەوە دوور نەکەوتۆتەوە کە سینەما دەبێت لایەنێکی وروژاندن و سەرنجراکێشانی هەبێت بۆ ئەوەی کارەکەی لەنێوان بازرگانی و پیشەییەدا نەفەوتێت.

مارکیز دەربارەی گواستنەوەی رۆمان بۆ سینەما دەڵێت: ئەوەی بەلای منەوە گرنگە پرۆسەی داهێنانە، چ نهێنیەک لەوەدایە کاتێک تەنها خواستێک وادەکات مرۆڤ هۆگری خوێندنەوەی رۆمان و چیرۆک بێت و لەپێناوی گواستنەوەی ئەو چیرۆکە بۆ سینەما قوربانیش بدات.

هەروەک چۆن مارکیز لە ئەدەبدا هۆگری فانتازیایەکی واقیعیە، بەهەمان شێوەش هەوڵدەدات لە کاری سینەمادا لەو فاتنازیایە نزیکبێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر لەوەی لە کاری نووسینی رۆماندا پێیەوە پەیوەستە، بەڵام لەسینەماشدا موبالەغە پێویستەو سنووری خۆی هەیە.

بۆیە داهێنان بەلای مارکیز لەو چیرۆکانە دەخولقێت، کەرۆژانە لە وڵاتەکەیدا هەستی پێدەکات و لەگەڵ رووداوەکانیدا دەژیێت و بەکەمێک فانتازیاوە سیناریۆی بۆ دەنووسێتەوەو لەگەڵ ئەو سینەماکارانەی کە لەگەڵیدا کاردەکەن، جوانترین فیلم دروستدەکەن و هەمیشە بەدوای کاری داهێنەرانەوەن و لە پنتێکدا ناوەستن و نامێننەوە.

ئەو کارانەی کەتەواوی رەنگدانەوەی ژیانن.

مارکیز هەمیشە لەو بارەیەوە دەڵێت: هەریەکێک چیرۆکێکی واقیعی هەیە دەتوانێت بەبێ گرێ و ئاڵۆزی بیگێڕێتەوەو بەهەوڵەکانمان بیکەینە جوانترین سیناریۆ، ئەوان هەربە شێوەیەکی هاوبەش کارەکان دەکەن و ئەو بیرۆکەو چیرۆکانە دەکەنە فیلمی سینەمایی.

بەپێی بەرنامەی ئەو کارانەی گروپی سینەماکەی مارکیز دایانڕشتووە، رۆژانە لە وەرشەکەیاندا راهێنان لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیناریۆو فیلم دەکەن و بەشێکی زۆری کارەکانیشیان لەو گفتوگۆیانە دروستدەبێت، کەلەنێوخۆیاندا دەیەخەنەڕوو یان باسکردن لەو واقیعەی کە رۆژانە خۆیان لەگەڵیدا دەژین، بۆیە مارکیز لەکاتی راهێنانەکاندا بە گروپەکەی دەڵێت:

بەبێ ئەوەی سڵ لە هیچ شتێک بکەنەوەو یان ترس و دڵەڕاوکێ لەبەرامبەر هەر شتێک بتانگرێت، پێویستە بەوپەری راشکاویەوە باسی ژیانی ئاسایی خۆتان بکەن، تاوەکو بتوانین لەو ژیانە سادەیە گفتۆگۆیەکی جوان و دیالۆگ دروستبکەین و لە کۆتاییشدا سیناریۆ دەخولقێت.

لەبارەی پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان مارکیز و نەجیب مەحفوزیش، ئەگەر ژیانی هەردوو نووسەر و رۆماننووس بخەیەنە روو، دەردەکەوێت نەجیب مەحفوزیش هاوشێوەی مارکیز رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پێشکەوتن و هەوڵدان بۆ دروستکردنی فیلمی سینەما لە میسردا، بە تایبەتی ئەو رۆمانانەی کە سیناریۆی بۆ ئامادە نەکراوەو نەخراوەتە سەر شاشەی سینەما، دەبینین سینەما لە ژیانی هەردووکیاندا ئامادەییەکی بنەڕەتی هەیە و گرنگی زۆریان بۆ هونەری سینەما هەبووە، نەک تەنها بۆ بنیاتنانی زمانی نووسین و تێڕامان بەڵکو بۆ بژێوی ژیانی خۆشیان سوودیان لەسینەما بینیوە، هەردوو نووسەریش لە خوێنەرەکانیان نزیکن و سەرنجی کۆمەڵگایان بۆ خۆیان راکێشاوە، هاوزەمانیش هەردووکیان لە دەستەی چاودێری و ئەکادیمیای سینەمای وڵاتەکانیان رۆڵی گەورەیان هەبووە، لە دانانی سیناریۆشدا رۆڵی خۆیان هەبووە، ئەگەر بە وردی لە کاری سیناریۆکانیان بڕوانین دەبینین هەمیشە هەوڵیانداوە کار لەسەر بیرۆکەو فیلمێکدا بکەن کە بە قەد رۆمانەکانیان کاریگەری خۆی هەبێت و لە ئاستێکی باڵادا بمێنێتەوە.



بگریت و تێکستەکەی وەک خۆی بکرێت بە فیلم، ئەمە بۆچوونی زۆربەی ڕۆمان نووسەکانیشە، هەربۆیە زۆرجار کێشەی گەورەش دروست بووە لە نێوان نووسەر و بەرهەمهێنەری فیلم یان دەرهێنەر. بۆ نموونە، ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئەمریکی (ستیفان کینگ) بەردەوام بەدواداچوونی بۆ ئەو ڕۆمانانەی خۆی دەکرد کە دەکران بە فیلم. لەساڵی ١٩٨٠ دا دەرهێنەری ناوداری ئەمریکی (ستانلی کوبریک) ڕۆمانێکی ئەوی بەناوی (تیشکدانەوە – The Shining) کرد بە فیلم و دەستکاریەکی زۆری ڕۆمانەکەی کردبوو، بۆچوونەکانی خۆی زاڵکردبوو لەکاتی بەرهەمهێنانی فیلمەکەدا. ئەمە ستیفان کینگی زۆر توڕە کردو تا گەیشتە ئەوەی پاکانەی خۆی بدا لەو فیلمە. پاشان لە ساڵی ١٩٩٧ بە سەرپەرشتی خۆی و بەهەمان ناوەوە (The Shining) کرا بە فیلمێکی تەلەڤیزیۆنی، ویستی ئەوە بوو کە ڕۆمانەکە وەک خۆی وەرگێڕێتە سەر شاشە بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوو.



نموونەی تر زۆرن لەوانەی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەبوونە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە، وەک فیلمی (جەنگ و ئاشتی) باندارچوک و هاملێتی کینس بێرنا.

لایەنی دووەم، هەندێک لە فیلمسازان پێیانوایە کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی نیە لە نێوان هونەری سینەما و ئەدەب بەتایبەتی ڕۆمان، چونکە بەبۆچوونی ئەوان سروشت و مەتریالەکانی ئەم دووانە زۆر لەیەک دوورن. دەرهێنەری بەناوبانگی سویدی (ئینگمار بێرگمان) یەکێک بوو لەو کەسانەی لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیدا ئەم ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە :»سروشت و مەتریالەکانی سینەما و ڕۆمان زۆر لەیەک دوورن».

هەندێکیتر لە فیلمسازان ئەو مەرجانە قەبوڵ ناکەن لە نووسەر کە دەبێت حەرفیەن پەیوەستبن بە ڕۆمانەکەیانەوە، چونکە ئەوان بۆچوونیان وایە کە فیلمی سینەمایی یەکەیەکی تەواوەو هونەرێکی سەربەخۆیە، بۆیە دەبێت بەبێ پەیوەست بوون بە تێکستی ئەسڵی (ڕۆمان)، فیلم خۆی پێشکەش بکات.

فیلمسازانی تریش لە لایەنی دووەم هەن، پێیان وایە گواستنەوەی ڕۆمان وەکو خۆی بۆ سینەما ئەستەمە و هەروەک وەرگێڕانی هۆنراوەیەک وایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر، ئەگەر ئەو هۆنراوەیە لەڕێگای ووشەکانیەوە وەرگێڕانی بۆ بکەی جوانی و مانا و وەزن و قافیەی خۆی لە دەست دەدات. هەربۆیە ڕۆمانیش دەبێت سوود لە بیرۆکەی سەرەکی وەربگیرێت و هەوڵ بدرێت بەگوێرەی پێویستی فیلمی سینەمایی کاری لەسەر بکرێت و فیلمساز دەبێت ئازاد بێت.

ئەوان پێیانوایە فیلم بەرهەمی داهێنانی پراکتیکی هەستی تاکە کەسیە، لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا فیلمساز خۆی لەگەڵ چیرۆکەکەدا ژیاوە، هەر بۆیە مەرج نیە بۆچوون و خوێندنەوە و هەستی کەسێکیتر واتا ڕۆمان نووسەکە کە لەکاتێکی تردا نووسیویەتی وەربگرێت.

ئەم جۆرە فیلمسازانە هەروەک دەبینین هەیانە سوود لە روحی ڕۆمانەکە وەردەگرن، هەشە تەنیا سوود لە بەشێکی ڕۆمانەکە وەردەگرێت، هەنە تەنیا حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی ڕۆمانەکە دەبات یان ڕووداوێکی وەردەگرێت و فیلمەکەی لەسەر بینا دەکات.

ئەگەرئاوڕێک لە پەیوەندی نێوان فیلمسازانی کورد و ئەدەب بدەینەوە دەبینیین کە لە ساڵی ١٩٩٠دا بۆ یەکەمین جار هونەرمەندی فیلمساز مەهدی ئومێد لە یەکێتی سۆڤیەت سیناریۆ بۆ نۆڤێلی (گەلەگورگ) لە نووسینی (حسین عارف) دەنوسێت و هونەرمەند تەیمور پەتایی کاری دەرهێنانی بۆ دەکات. لەم فیلمەدا هەوڵدراوە چیرۆکەکە وەکو خۆی وەرگێڕدرێتە سەر شاشە بەڵام نە نووسەری نۆڤێلەکە و نە بینەرانیش لەو وەرگێڕانە ڕازی نەبوون.

لە ساڵی ١٩٩١ دا تێکستە شیعریەکەی شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی) بەناوی (مەم و زین) کرا بە فیلم لە باکوری کوردستان لە لایەن (ئومێد ئەلچی) کاری دەرهێنانی بۆ کرا. ئەم فیلمە بەهەمان ڕێبازی خۆبەستنەوە بە تێکستەوە هەوڵی داوە خۆی ببەستێتەوە بە تێکستە سەرەکیەکەی ئەحمەدی خانی هەر بۆیە دەبینیین دەرهێنەر لەبەر هەر هۆیەک بێت نەیتوانیوە لە کارەکەیدا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت.

لەساڵی ١٩٩٣ دا (شاهین گۆک) کاری دەرهێنانی فیلمێک کرد بەناوی (سیامەند و خەجێ) کە لە داستانێکی کۆنی کوردەواری وەرگیراوە، هەر وەک لە فیلمەکەدا دەبینین شاهین گۆک هەروەک ئەوانی تر تا ڕادەیەکی زۆر خۆی بە تێکستە سەرەکیەکە بەستۆتەوە، بۆیە وەک هونەری فیلمسازی کەم و کورتیەکی زۆر لە کارەکەیدا بەدی دەکرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا دەرهێنەری فیلمی ژانی گەل (جەمیل ڕۆستەمی) ڕۆمانی ژانی گەلی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەکات بە فیلم. ئەم فیلمە بە گوێرەی بوجەو بەکارهێنانی تەکنیکەوە تا ڕادەیک جیاوازی لەگەڵ ئەو فیلمانەی باسمان کرد هەبوو، بەڵام لە لایەن وەرگێڕانی ڕۆمانەکە وەک خۆی بۆ سەر شاشە سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەرچی هەوڵێکی زۆری داوە.

لەبەر ئەوەی هونەری سینەما لەلای ئێمە لەسەرەتادایە و جارێ ئەو جیاوازی بۆچوونانە لەناو فیلمسازانی کوردا دروست نەبووە، بۆیە ناکرێت زۆر لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستە بکەین. بەڵام یەکەم هەنگاوی کەمن ئاگادار بم، دەرهێنەر (حسین سێودین) ە کە هەوڵیداوە ئەو ڕێچکەیەی یەکەمە بشکێنێت و هاتووە بەشێکی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکانی ڕۆماننووس و روناکبیری کورد (بەختیار عەلی) وەرگرتووە و فیلمێکی لەسەر دروست کردووە، بەڵام تازە فیلمەکەی تەواو بووە و هێشتا نمایش نەکراوە، بۆیە نازانم ئایا ئەویش وەک ئەوانیتر لەسەر هەمان ڕێچکە وەرگێڕانی ئەو بەشەی ڕۆمانەکەیە وەک خۆی بۆ سەر شاشە یان بەشێکی ڕۆمانەکەی وەرگرتووە و کاری فیلمسازی کردووە.

بەراستی ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت و بە بڕوای من پێویستە گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەم بابەتە بکرێت، لەبەرئەوەی زۆربەی نووسەرەکانی ئێمە تا ئێستاش لەگەڵ لایەنی یەکەمن و دەیانەوێت ڕۆمان و چیرۆک و هۆنراوەو تێکستەکانیان وەک خۆی وەرگێڕدرێتە سەر شاشە. کە ئەمە جێگای بیرو ڕا گۆڕینەوە و گفتو گۆیە.

کۆتایی ئەم نووسینە کە بە گوتەیەکی (نەجیب مەحفوز) دوای دێنم، کە تاڕادەیەکی زۆر هاوڕام لەگەڵی کاتێ دەڵێت: «من تەنیا لە وشەی نووسراو بەرپرسم، بەڵام وێنەی بینراو داهێنەرێکی تری هەیە و ئەویش دەرهێنەرە».



# ڕۆمان و سینەمای هاوچەرخ

مەهدی ساڵح

نووسینی ڕۆمانی ڕەسەن و باش ماوەیەکی چاکی پێویستە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان و شوێنی پاڵەوانەکان و گرێی بنەڕەتی بابەتەکان لەقالبێکی جوان و سەرنجڕاکێشدا بخرێتەڕوو. وێڕای ئەمانەش خوێندنەوە و تێگەیشتنی ڕۆمان کارێکی سادەو ساکار نییە بەڵکو پێویستی بەتێڕامان و وردبینی هەیە بەئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری و شارەزایی و تیشک خستنەسەر بوارەکانی ژیان. ڕۆمان جوڵانەوە و چالاکییە هەمەجۆرەکانی مرۆڤ دەستنیشان دەکات بەو مەبەستەی زۆر بەهێمنی و ئارامی کاریگەری خۆی بەسەر ژیاندا دیاری بکات و سود و قازانجی هەمەلایەنیش نەک بۆ ئێستا بەڵکو بۆ نەوەکانی دواڕۆژیش دابین بکات ئەمەشیان خۆی لەخۆیدا دونیایەکی ئاڵۆز و چڕ و پڕی پێویستە، بەبەردەوامیش سەرکەوتنی بۆ نووسەری بەتوانا و ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکە دەگەڕێتەوە. ڕۆمان ماوەیەکی باشە شوێنی لەنێو کاروانی ئەدەبدا کردۆتەوەو پلە و پایەکی شیاوی بۆ بزاڤی ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی تەرخان کردووە، بێگومان چەرخی ئێستامان چەرخی پێشکەوتنی لایەنە جیاجیاکانی چالاکییەکانە ڕۆمانیش بەهیچ شێوەیەک نابێت لێیان داببڕێت سینەما تەمەنی سەد و چواردە ساڵە کەچی وەک ئامرازێکی پێشکەوتووی ژیان کارێکی گەورەی کردۆتە سەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی، لەدایکبوون و سەرهەڵدانی سینەما وەرچەرخانێکی بەهێزی لەبوارەکانی چالاکی هێنایەدی و دەرگاشی بۆ چەند داهێنانیتر واڵاکرد بۆ ئەوەی مرۆڤ دوای ماندووبوون و جەنجاڵی ژیان چەند ساتێکی خۆش لەگەڵ بینینی ڕووداوەکان بەسەر ببات، ژیانیش تادێت بەرە و جیهانێکی سەیر و نامۆمان دەبات هەرچەندە دروستکردن و بنیاتنانی زۆربەی لایەنەکانی ژیان بەویست و ئارەزووی خەڵکانێکی زۆرەوە نەهاتۆتەدی بەڵکو بەزەبروزەنگ بەسەریاندا سەپێنراوە ئەمەشیان پێشێلکارییەکی تەواوی یاسای سروشت و بنەما سەرەکییەکانیەتی. ئێستا لەهەندێ شوێنی ئەم جیهانە بازرگانی کردن بەمرۆڤ و ئاڵوگۆڕکردنی وەک کەرەستەیەک کارێکی زۆر ئاساییە بەتایبەتی لەنێو ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵات، زۆر سەیریش نییە بەگوێرەی ئەمانە زۆربەی فیلمە بەپێزەکان قەدەغە بکرێن لەپێنا و شاردنەوەی ڕاستییەکان ئیدی ململانێیەکی توند لەنێوان ئەم ڕژێمانە و شاکارەکانی سینەما پەیدابووە، هەراسان و ناڕەحەت بوونەتەوە کردارەکەش هەر بەردەوامە و پێویستی بەلافاوێک










هەیە بۆ ئەوەی لەڕەگ و ڕیشەوە بنبڕ بکرێن. دەسەڵاتی تاکڕەوی باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان کێشاوە، فەرمانڕەوا خۆی واپیشان دەدات گوایە پسپۆڕ و ئەندازیارە لەهەموو کەرتەکانی چالاکی مرۆڤ ئامانجی سەرەکی ئەم پڕۆژەیەش مانەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتە بەو مەبەستەی کەسێکی وەک فەرمانڕەوا نەک لەوڵاتەکەی بەڵکو لەهەموو جیهان هەڵنەکەوتووە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان. هەندێ لەڕۆمانەکانی (نەجیب مەحفوز)ی میسری کراونەتە فیلمی سینەمایی نووسەر لەزۆربەی ڕۆمانەکانی جەخت لەسەر کەسایەتییەکانی چینی ناوەڕاست و ڕووداوەکانی گەڕەکە میللیەکانی قاهیرەی پایتەخت دەکات بەمەبەستی دیاریکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی ڕامیاری ئەو سەردەمەی وڵاتەکەی. لەهەشتاکانیش ڕۆمانی (زەماوەندی زین)ی (تەیب ساڵح)ی سودانی بەشێوەیەکی جوان و ڕێک وپێک کرایە فیلمێکی سینەمایی و ڕەخنەگران بەکارێکی هونەری گەورەیان لەقەڵەمدا....

ڕۆمانەکانی (جەنگ و ئاشتی) تۆلستۆی و (پیرەمێرد و زەریا)ی هەمەنگوای و (ئۆلیڤەر تویست)ی دیکنز و (زۆربا)ی کازانتزاکی و (لەگەڵ بادا ڕۆیشت)ی مارگریت میتشیل و دەیانی تر کراونەتە فیلمی سینەمایی. (گەلە گورگ)ی حسێن عارف و داستانی (مەم و زین) ی خانیش بوونەتە فیلمی سینەمایی. گومانی تێدا نییە ڕۆمانی هەزار لاپەڕە یاخود دوو هەزار لاپەڕە و زیاتریش لەکاتی پێشکەش کردنی وەک فیلمێکی سینەمایی تاڕادەیەکی زۆر کاردەکاتە سەر ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەڵام دەرهێنەر و نوسەری سیناریۆ لەهەموو بارێکدا هەوڵ دەدەن کورتەیەکی بیرۆکەی نووسینەکە بۆ بینەران بخەنەڕوو، سەرەڕای ئەمەش زۆربەی ڕۆماننووسەکان ڕەخنە و گلەییەکی توند ئاڕاستەی دەزگاکانی هونەری سینەما دەکەن بەوەی زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکانیان شێواندووە کەچی وەک کارێکی پێویست و هونەری هەردەبێت جۆرە دەستکاری و کورت کردنەوەیەک لەگواستنەوەی ڕووداوەکانی نووسینەکان لەنێو لاپەڕەکانەوە بۆ فیلمەکانی سینەمایی بکرێن بەو مەبەستەی لەگەڵ شێوازی هونەری سینەما بگونجێت....

بەسینەماکردنی ڕۆمان کردارێکی ئاسان نیە بەڵکو پێویستی بەئەنجامدانی چەند کارێک هەیە لەمانە کەشوهەوای تایبەتی نێو ڕۆمان و مۆسیقا و زمانی پاڵەوانەکان و جۆری جل وبەرگەکانیان و شوێن و کاتی بەسەرهاتەکان و جوڵانەوە و بزوتنەوەی زۆربەی کەسایەتیەکان و گەلێ شتیتر، ئەمانەش سەرکەوتن و بەکارهێنانیان بۆ توانا و زیرەکی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان دەگەڕێتەوە. بەسینەماکردنی ڕۆمانێکی دوو هەزارلاپەڕە لەماوەی دوو یان سێ کاتژمێر کارێکی پڕ سود و قازانجە هەرچەندە گەلێ جار کاری کردۆتە سەر بناغەی نێو ڕۆمانەکە بەڵام لەهەمان کاتیش لەجیهانی خۆشەویستی ڕۆمان نزیک دەبینەوە. لەڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی هەمەنگوای فیلمێکی نایابمان دێتەبەرچاو ئامانجی سەرەکی ڕۆمانەکە ململانێ و توانای مرۆڤ لەگەڵ سروشت و دەوروبەرەکەی نیشان دەدات بناغەی پتەوی بۆ سەرکەوتنی باری دەروونی پاڵەوانەکە و زاڵبوونی بەسەر لایەنێکی بەهێز و گەورەی سر وشت بەدیار دەخات....

چەند شاکارێکی تری ڕۆمان کراونەتە فیلمی سینەمایی و لەزۆربەی وڵاتەکان پێشکەشکراون، ڕۆمان مانای ژیان دەبەخشێت تاڕادەیەکیش سینەما ڕۆڵێکی شیاو لەزیندوویی و نەمری دەگێڕێ و سینەما تادێت بەهێزتر دەبێت و خۆی لەنێو پرۆسەیەکی بەردەوام دەنوێنێ.

# فەلسەفەو شانۆی شکسپیر لەسەر شاشەی زیوینی سینەمادا




سەفەر عەلی

زۆر لەو دەقە شانۆیانەی کرانە فیلمی سینەمایی، لە سینەمادا بەجۆرێکیتر دەرکەوتن. واتە جیاوازی لەنێوان گوزارشتی شانۆیی و گوزارشتی سینەمایدا هەیە، لەمبارەوە زیکا (zecca) کەیەکێکە لە پێشەنگەکانی هونەری سینەما لەسەردەمی (جۆرج میلیس) و (بریانی لومێر)دا ژیاوە، دەڵێت: (من دەتوانم بەشێوەیەکی دیکە دەقەکانی شکسپیر بکەم بە سیناریۆی سینەمایی، چونکە هەست دەکەم ئەو زۆرشتی جوانی لەبیر کردووە)، بەڵام لەوبڕوایە دابوو کەبتوانێ شتی تازە تەوزیف بکاتە نێو هونەری شکسپیر، هەڵەی ئەو لێرەدایە کە نەیتوانیوە جیاوازی لەنێوان تێڕوانینی شکسپیری و چاوی کامێرادا بکات، ئەو نەیدەزانی کەکەلێنێکی زۆر لەکاتی کارکردن لە دەقە شانۆیەکان بۆ سینەما پەیدا دەبێت و پێویستە پڕ بکرێتەوە.

داهێنانی شکسپیر زیاتر لە شانۆدا دەردەکەوێت، ساڵانێک واچاوەڕوان دەکرا کە هونەرمەندێکی سینەمایی بەتوانا، گیانی هونەری شکسپیر بخاتە نێو هاوکێشەی هونەری سینەما، بەڵام تا ئێستا کەسێکی وانەبووە پڕاوپڕ شکسپیر لەسینەمادا بەرجەستە بکات. خاسیەتی هونەری و ئیستا تیکی شکسپیر لەوەدایە کەلە دەستەواژە شیعرییەکانی زۆر بە خوڕە، کەئەمەش بزوێنەری رووداوی شانۆگەریەکانیەتی، پشت بەستنی شانۆ بە دیالۆگ و دەق، یەکێکە لەو تایبەتمەندی و هۆکارە بنەڕەتیانەی کەسینەما لە شانۆ جودا دەکاتەوە، لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو، سینەما زۆر پشتی بە دیالۆگ دەبەست، ئەو سەردەمە جیاوازی نێوان شانۆ و سینەما زۆر رۆشن نەبوو.

ئەو شانۆگەریانەی کە کران بە فیلمی سینەمایی ناکرێت بڵێین دەقاودەق لەگەڵ شانۆنامەکاندا هاوشێوە بووە.

بۆ ئەوەی پەیوەندی دیالکتیکی نێوان سینەما و شانۆ روون بکەینەوە، باشتروایە لە هۆکارەکانی دیکە بکۆڵینەوە، لە پێناوی فەراهەمکردنی ئەو بنەمایانەی کە گونجاوبێت بۆ تاوتوێکردنی لێکچون و جیاوازیەکان لەبەکارهێنانی دیالۆگدا.

جوڵە بەشێکی گرنگی زمانی سینەمایە، ئەو دیاردەو شتە جوانانەی کەشکسپیر پشتگوێی خستوە لە دەقەکانیدا، وردەکارییە ماددیەکان و گرتە نزیکەکانی خەڵک و شتەکانە، یاخود ناڕەزایی و دەنگەدەنگی خەڵک و سوپاکانە، یانیش وێنەی گوند و شارە لە دەقەکانی شکسپیردا. یاخود ژاوەژاو و دەنگی موسیقا یاخود بێدەنگییە، کەدەکرێ لە سینەمادا بەهۆی مایکەوە تۆمار بکرێت، زیکا وادیارە سادە بووە، چونکە گریمانەی ئەوەی کردووە کە دەتوانێ ئەو مەسەلانە ئیزافە بکاتە سەر ئەو گرتانەی سینەما لە فیلمێکی شکسپیردا، زۆر لە سینەماکاران بەم رێچکەیەدا کاریان کردووە، جوڵەی بینایی مەرج نییە سیحری جوانکاری شانۆکاکانی شکسپیر زیاد بکات و بینەری بۆ پەیدا بکات، بەڵکو درامای شکسپیری فۆرمی جوڵەی درامی تایبەت بە خۆی هەیە، شانۆگەرییە مێژوویەکان لە نێوان شوێن و کاتدا دەخولێنەوە، شکسپیر لە کارەکانی وردەکارییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆ نمونە لە شانۆنامەی هاملێت کەللەسەری مرۆڤ لەنێو گۆڕێکی کراوەدا دەردەکەوێت، لەمەودایەکی پانۆڕامیدا وەک (جوڵەی جەنگ و دەنگەدەنگی جەنگاوەران). لەسەرەتای شانۆنامەی (هنری پێنجەم) نووسەر وا لەبینەر دەکات، کەوا هەست بکات تەختەی شانۆ یاخود شاشەی سینەما گۆڕەپانێکی بەرفراوانە و سوپا ناحەزەکان شەڕی تێدا دەکەن، بەشێکی زۆری رووداوی درامی بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی شاعێریەتەوە گوزارشتی لێکراوە.

(ئۆرسن ویلز) بەجوانترین و باشترین شێوە لە نێو جیهانبینی شکسپیردا کاری کردووەو گواستویەتیەوە نێو دونیای سینەما، جگە لەویش (ئەنتۆنی هۆبکنز) لە فیلمی (هنری پێنجەم) کاری نواندنی دانسقەی کردووە. سینەما و شانۆ دوو بواری جیاوازن بۆ گوزارشتکردن لە واقیع، جوڵەی فیلم و دینامیکیەت و بەدوای یەکداهاتنی دیمەن و گرتەکان، بەشێکە لەجیاوازییە بنەڕەتییەکان کە لەسینەما جودا دەکاتەوە، بەڵام کاریگەری ئەم جوڵەیە لەسەر چاو و گوێ و مێشک و هەستی بینەر، لەبنەڕەتدا بەمەرجەکانی نیشاندانی سینەمایی دیاری دەکرێت، فیلم و شانۆگەریەکانیش بۆ بینەرو رەخنەگران و هونەرکارانە هەمان رووداو کار لەبینەر دەکات و حاڵەت هەیە وا هەست دەکەن کە رووداوی راستەقینەیە، بۆیە هەڵدەچێت یاخود دەگری، یان پێدەکەنی.

چەند دەرهێنەرێکی سینەمایی وەک (ئەنتۆنیۆنی، پازۆلینی) توانیان شێوەی کارەکتەر لە سینەمادا پێشبخەن، کارەکتەرەکانیان وا دەردەخست کەبەزمانی هەست و سۆز گوزارشتیان لەخۆیان دەکرد، یاخود نائومێد دەبوون لە هەستکردن لەکەسانی دەوروبەریان یاخود لەبەرامبەر بارودۆخ و ژینگەیاندا، کەلەمەشدا کاریگەر بوون بە شکسپیرو برێخت، چونکە شکسپیر زۆر بایەخی بە حاڵەتی گیانی و سایکۆلۆژی کارەکتەرەکانی دەدا، ناواخنی خێرخوازی یان شەڕەنگیزی مرۆڤەکانی دەخستەڕوو، لەچەند فیلمێکی وەک (سرودی سەرباز) و (چوارسەد لێدان) و (گۆرانی تەمەن) و (دورگە)دا.

هاوشێوەبوون و نزیکبوون لە شانۆدا هەیە، واتە فیلمەکان هەستی شانۆ لەلای بینەردا دروست دەکەن، ئەم فیلمانە لەروانگەی تاکەکەسەوە واقیعی کۆمەڵایەتی خستۆتەڕوو، هەروەها پەیوەندی تاکەکەسەکانی بەچارەنووسی مرۆڤایەتی دەرخستووە، لە شانۆنانەی (هاملێت) وشەکانی دیالۆگ زۆرێک لەواتاکان ئاشکرا دەکات، جگە لەوەش (هاملێت) باسی بوون و نەبوون دەکات، بۆ نمونە (لۆرانس ئۆلیڤیە) کە شانۆنامەی هاملێتی بۆ سینەما ئامادەکردووە، ئەکتەر لەم فیلمەدا بەبێ ئەوەی لێوەکانی بەجولێنێت قسە دەکات، کەئاماژەیە بۆ دیالۆگی ناخی مرۆڤ، لەدیمەنێکی دیکەی فیلمەکەیدا لێوی دەجولێنێ لەکاتی قسەکردندا ئەویش ئاماژەیە بۆ مامەلەکردنی کارەکتەر لەگەڵ واقیعی ژیانیدا، ئەم شێوازو گرتە نزیکانە دژ بە رێسا سینەمابییەکانە، ئۆلیڤیە رای وابوو کاری کامێرا دەبێت فیلمە شانۆنامەیەکە لەبینەر نزیک بکاتەوە، هەروەها کارەکتەر بەهۆی جوڵەی لێوەکانی و نیگای چاوەکانی پەیامێکی دڵنەوایی دەداتە بینەر.

لەکۆتایدا دەڵێین، سینەما بەرفراوانترە لە شانۆ، بەڵام شانۆ دەتوانێ زیاتر کەسایەتی و پاڵەوان دەربخات، کە سینەما بەمشێوەیە گوزارشتی لێ ناکات.





# ئیقتیباسی ئەدەبی لە سینەمادا

کاوە ئوەیسی

ئیقتیباس لەسینەمادا ئەوەیە کە فیلمێک لەسەر بنەمای بەرهەمێکی نووسراو، لەوانەش: (رۆمان، کتێبی کۆمیک، شانۆنامە، کورتەچیرۆک، رووداوی مێژویی، شیعر، بەرهەمی وێنایی و بیستن وەک زنجیرەی تەلەفزیۆنی و بەرنامەی رادیۆیی) بەرهەمدێت. لەیەکەمین رۆژەکانی دروستبوونی سینەماوە ئیقتیباس وەک شێوازێکی باو بۆ نووسینی سیناریۆگەلێکی بەرهەمی سینەمایی بەکاربراوە. شێوازی باو لەئیقتیباسدا بۆ دروستکردنی فیلمێک کەڵک وەرگرتن لەرۆمان وەک بنەمای کار وایە. لەلایەکیترەوە شانۆنامەش وەک سەرچاوەی فیلمێک کەڵکی لێوەر دەگیرێت. هەروەها ژمارەیەک لەفیلمسازەکان لەرێگای ئیقتیباسەوە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیان کردوە بەفیلم. لێرەدا ئەو دەرفەتەی کەبۆ بینەر دەرەخسێت ئەوەیە «کەکەسایەتیەکان» لەفیلمدا بەبێ سنورداریێتی پەخش لەتەلەفزیۆندا دەبینێت.

«برایانی شین ۱۹۸۰»، فیلمێکە کەئیقتیباسکراوە لەیەکێک لە نمایشەکانی سەرکەوتووی تەلەفزیۆن، بەناوی «بژی شەو».

کەڵک وەرگرتن لە «کەسایەتی» کتێبە کۆمیکەکان، بەتایبەتیش مرۆڤە باڵاکان یەکێکیترە لەشێوازەکانی ئیقتیباسکردن بۆ دروستکردنی فیلم. ئەم شێوازە لەچلەکانی سەدەی رابردووەوە بە فیلم گەلێکەوە دەستی پێکرد، کەبینەرەکانی منداڵان بوون، دواتریش فیلمسازەکان بەفیلم گەلێکی وەک «سوپەرمان۱۹۷۸»، «باتمان۱۹۸۹». هەروەها شێوازی ئیقتیباسکردن لەکەسایەتییەکانی کتێبە کومیکەکانەوە درێژەی پێدرا. لەسەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەدا فیلمەکانی «پیاوانی ئێکس۲۰۰۰»، «پیاوی جاڵجاڵۆکە۲۰۰۲» زیادبوون بۆ ناو پێرستی ئەو فیلمانەی کەباس لەمرۆڤی باڵا دەکەن و لەکتێبە کۆمیکەکانەوە وەرگیراون.

زۆر هەن بیروڕایان وایە کەپێویستی ئیقتیباسی ئەدەبی لەسینەمادا دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری ئەندێشەو پێویستیەک نییە. ئیقتباس رەوشێکە کەلەرێگایەوە سینەما کەڵک لەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بەناوی ئەدەبیاتەوە وەردەگیرێت. ئەم شێوازە لەسەرەتای درووستبونی سینەماوە لەگەڵیدا هاوڕابووە. لەڕاستیدا کاتێ سەیری رەوتی مێژویی کاملبوونی سینەما لەرۆژئاوادا دەکەین پەی بەوە دەبەین کەهەمیشە پەیوەندیەکی زۆر نزیک لەنێوان سینەما و چیرۆکە نوسراوەکان و رۆماندا هەبووە. ئەم پەیوەندیەش پەیوەندییەکی دوولایەنە و دیالکتیکی





بووە. بەمجۆرە کەهەم رۆمانەکان لەلایەن فیلمسازەکانەوە کەڵکی لێوەرگیراوە، هەم فیلمسازەکانیش کاریگەری زۆریان لەسەر رۆمانەکان داناوە.

لەساڵی ۱۹۲۷تیشەوە ئەکادیمیای ئۆسکار بەشێکی تایبەتی دانا بۆ ئەو سیناریۆیانەی کەئیقتیباس کراون، لێرەوە شوێن و پێگەی ئیقتیباس لەسینەمادا زۆر زیاتر سەرکەوتوو و گرنگی پەیدا کرد.

سێ چەشنەی بنەڕەتی ئیقتیباس لەسینەمادا هەیە، کە پێکهاتوون لە «ئیقتیباسی ئازاد»، «ئیقتیباسی وەفادار»، «ئیقتیباسی وشە بە وشە».

لە»ئیقتباسی ئازاد»دا بیرۆکەیەک، دۆخێک یان کەسایەتییەک، لەسەرچاوە ئەسڵیەکەیەوە وەردەگرن و بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەشەی پێدەدەن و پەروەردەی دەکەن. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە بیروڕایانوایە بەرهەمی ئەدەبی هەرچەندە قابلیەتی چیرۆک گێڕانەوە و کارکردن لەسەر کەسایەتی و گفتووگۆ نووسینی زۆرباشی تێدابێت، بەرهەمێکە لەسەر بنەمای وشەیەو بایەخەکەی بەئەندازەیەکی زۆر لەشێوازی نوسەردایە، بەواتایەکیتر لەچۆنێتی دەربڕینی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت. ئەدەبیات پشت ئەستورە بەوشەو وشەکانیش لەبەر بایەخی مانایان، هەستێک لەزەینی خوێنەردا دوروژێنن کەجۆرێک لەوێنا درووست دەکات، لەڕاستیدا ئەم وێنانە لەڕێگای وشەکانەوە لەکارگەی زەینی خوێنەردا ئامادەدەبێت، یان وەک چۆن رەخنەی ئەدەبی نوێ ئاماژەی پێدەکات سەر لەنوێ بەرهەم دێتەوە، لەبەر ئەوە خوێنەر لەڕێگای وشەکانەوە بیردەکاتەوە و لەزەینیەتەوە بۆ عەینیەت (وێنا)ی دەکات. بەڵام لەسینەمادا ئەم پەیوەندییە پێچەوانەیە و بینەر لەعەینیەوە دەگاتە زەینیەت. لەحەقیقەتدا سینەما ئەزمونی دیداری و بیستنە، واتە (دەبیندرێت و دەبیسترێت) هەروەها پێکهاتەی ئەم دوو هەستە بەشێوازێکی هاوکات دەردەکەوێت. بەڵام دواجار بایەخەکەی پەیوەستە بەو وێنایەوە کەدەیخاتەڕوو، لەسینەمادا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ ئەو راستییە دیاریکراوەدا هەیە کەتێگەیشتن و هەڵهێنجانی بینەر تاڕادەیەکی زۆر لەو وێنانە جێگر و وەستاوە. بەڵام لەئەدەبیاتدا راستی و سیمای کەسەکان بەشێوازێکی کامڵ و تەواو (لەپڕ) دەرناکەون، بەڵکو بەشێوازێکی تەدریجی و نابەردەوام لەئاوێنەی خەیاڵی خوێنەردا رەنگدەدەنەوە. بەدەربڕینێکیتر ناسین و دەرکی ئەم جیاوازیانە دەتوانێت یارمەتییەکی کاریگەری چۆنییەتی پەیوەند ئەم دوو هونەرە بدات. ئەدەبیاتی داستانی (چیرۆک و رۆمان) بەرهەمی راستەوخۆی خەیاڵی تاکگراییانەی خودی نوسەرەکە جۆرێکی ئاگایانە لەوەوە بەرهەم دێت، لەکاتێکدا کەسینەما شوناسێکی گشتی هەیە، لەلایەکی تریشەوە ئەدەبیات کەمتر پەیوەستە بەهونەرەکانیترەوە. سەربەخۆیی ئەدەبیات لەبەرامبەر هونەرەکانیتردا هەروەها پەیوەستبوونی بونیادی ئەو بەخەیاڵەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کەچیرۆک لەدرووستکردنی ئەو فەزایانەی کەدەیەوێت بەبەراورد بەسینەما سەربەخۆیەکی زیاتری



هەبێت. ئەم سەربەخۆییە لەپەنای نەرمی نواندنی بێسنوری ئەدەبیات هۆکاری دروستبونی تایبەتمەندی لەماهییەتدا دەبێت، رەنگە بتوانرێت راڤە و لێکدانەوەی جیاواز و جۆراوجۆری بێسنور بکرێت. بۆ ئەوە فەزاکانی داستانی بەهەر رادە و ئاستێکی وەسفکردن و شەرحی رووداوەکان بەهۆی زەینیبونی شێوازەکانی هەرگیز ناتوانن بگەنە ئاستی روونی وێناکان لەناو هونەرە بەسەرییەکاندا. کاتێک لەچیرۆکدا «رستورانێک» وەسف دەکرێت، ئەو رستورانە هێندەی ژمارەی خوێنەرانی دەقەکە شێوازی زەینی پەیدا دەکات، بەچەشنێک کەهیچ کام لەو وێنانە چوون یەک نایەنەوە، لەکاتێکدا ئەو رستورانە لەفیلمێکدا نیشاندەدرێت بەناچار تەنیا و تەنیا دەبێتە شێوازێکی عەینی و قابلی بینینن. ئەمە گرنگترین و لەهەمان کاتدا بونیادیترین جیاوازی هونەری سینەمایە لەگەڵ چیرۆکدا بەجۆرێک جیاوازیەکانیتر بەرهەمی ئەم جیاوازییەن. لەڕاستیدا لەپرۆسەی گۆڕینی چیرۆکێک بۆ فیلم تەنیا یەکێک لەڕادەبەدوور وێنای زەینی ئیمکانی بینین پەیدا دەکەن و وێناکانیتر نابیندرێت، وەک بڵێیت هەر فیلمێک خوێندنەوەی وێنایەکی تاقانەی دەقێکی ریواییە، لەکاتێکدا کەخوێنەرانی دەق و نوسەر تاپێش دەرکەوتنی فیلم، وێنایەکیان لەفەزا، کەسەکان و تەنانەت شێوازی (لەحن) دەنگی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکەیان لەزەینی خۆیاندا دروستکرد بوو، سینەما لەسەراحەتێکی بێوێنەدا تەنیا تێگەیشتنێکی وێناییە کەلۆژیکانە هیچ باشەیەکی لەسەروی تێگەیشتنەکانیترەوە نییە، لەوانەش تێگەیشتنی خوێنەری چیرۆک، لەبەرامبەر ئەواندا دادەنێت و لەبەرئەوەش کەئەو وێنایە و وێنای زەینی ئەوانیدی زۆرجار یەکنایەتەوە، دەتوانێت پەرچەکردار گەلێکی جیاواز درووست بکات و بوروژێنێت. بەم چەشنە ئەو خوێنەرانەی کەلەکاتی خوێندنەوەی دەقدا لەپرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز کەناوەڕۆکی چیرۆکەکە ناکرێت رونبکرێت، هەروەها ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و رووداوی کەسایەتییەکان و فەزای جوگرافیا و دەنگەکان. لەتێکەڵاوبونێکی نامۆ لەگەڵ ژینگە و کەسایەتی درووستبوونی خۆدا دەرک پێکردوە، ئەوەش بەدەرکێکی جیاوازەوە لەتێگەیشتنی خۆیان رووبەڕوو دەبنەوە. ئەوەش بەو مانایەیە کەکۆی پێشنیازە وێناییەکانیتر لەلایەن خوێنەران و تەنانەت خودی نوسەریش لەبەرچاو ناگیرێت، هەر لەبەر ئەمەشە لایەنگرانی ئیقتیباسی ئازاد بیروڕایان وایە ئەگەر بڕیارە تەنیا بەپێشنیازێک لەکۆی ئەو پێشنیازانەی کەهەیە کیفایەت بکەن باشترە هەر لەسەرەتاوە بەرداشتێکی ئازاد بکەن لەبەرهەمەکە. لەو نمونانەی کەبەرداشتی ئازادن لەسینەمای جیهاندا دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بەبەرهەمێکی وەک «بنجامین بۆتن» کەئیقتیباسە لە کورتەچیرۆکی «فیتزجێرالد» و سیناریۆی «ئیریک رۆس» کە»دەیڤید فینچێر» کردی بەفیلم، «ئیریک رۆس» لەئیقتیباسەکەی خۆیدا زۆر وەفادار نەماوەتەوە بەچیرۆکی «فیتزجێرالد». ئەو زەمەنی چیرۆکەکە لەسەدەی نۆزدەیەمەوە هێناوە بۆ سەدەی بیستەم و شوێنەکەی لە باڵتیمۆرەوە گواستەوە بۆ نیوئۆرلەئان. هەروەها روداوێکی ئاشقانەی نوێی بۆ بنجامین زیادکرد، بەم شێوەیە رۆس تەنیا وەفاداربوو بەناوەڕۆکی سەرەکی چیرۆکەکە و کارەکتەرەکەی نەک بەو روداوانەی کەتیایدا خراونەتەڕوو. رۆس خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت چیرۆکەکە لەکاتی خۆیدا، واتە لەساڵی ١٩٣٣ کەبڵاوکرایەوە چیرۆکێکی جوان بوو بۆ گۆڤارێکی ئەدەبی، بەڵام بۆ من ئەمڕۆ کەمێک بێمانا دێتەبەرچاو، من ئیزنی ئەوەم هەبوو بەشێوەیەکی مۆدێرن و ئەمڕۆی لێبکەم. چیرۆکەکە تاڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە بەڵام ناوەڕۆکە سەرەکیەکە هەر ئەوەیە کەلەچیرۆکەکەدا هەیە.

(ئیقتیباسی وەفادار) هەوڵ دەدات بەپاراستنی رۆحی بەرهەمە سەرەکیەکە تائەو ڕادەیەی دەگونجێ، سەرچاوە ئەدەبیەکان لەچوارچێوەی سینەمادا سەرلەنوێ بخوڵێنێتەوە. «ئەندەرە بازەن» ئیقتیباسگەری وەفادار بەوەرگێڕێک دەچواند کەتێدەکۆشێ تا بەرامبەر گەلێک بۆ بەرهەمە سەرەکیەکە لەچوارچێوەی وێنەی سینەماییدا بدۆزێتەوە، دیارە بازەن تێگەیشتبوو کەجیاوازییەکی بونیادی لەنێوان ئەم دوو میدیایەدایە.




جۆرج بلۆستۆن لەلێکدانەوە گرنگەکەیدا لەژێر ناونیشانی «رۆمان لەچوارچێوەی سینەمادا» دەدوێت و دەڵێت ئیقتباسە وەفادارەکان لەبنەمادا بەرهەمێکی رەسەنن. لەبەر ئەوەی تەنانەت ئەگەر دەرهێنەر بیرۆکەی چیرۆک و کەسایەتیەکان و لەحنی رۆمانەکەش بپارێزێت، ئەم رەگەزانەش هێشتا هەروەک ئامرازی خا و (سەرەتایی) فیلم لەبەرچاو گیران. ئیقتیباسگەری وەفادار لەڕوانگەی بلۆستۆن ئەو نوسەرەیە کەبەرهەمە ئەسڵیەکە راڤە دەکات و ناوەڕۆکەکەشی بۆ ئەو حوکمی سەرەتایترین مانای هەیە، هەر بۆیە کورتەیەکی دەقیق لەرۆمانێک بەڕادەی خودی رۆمانەکە دەتوانێت خاڵی گەڕانەوەی فیلمسازێک بێت بۆ سەرچاوە، لەبەرئەوەی زمانی بونیادی بەرهەمە ئەسڵیەکە واتە شێوازەکەی کەمترین کاربوردی هەیە بۆ





ئەو، رێک لەبەرامبەر ئەم تیۆرییەدا ژمارەیەک لەڕەخنەگرە ئەدەبیەکان بڕوایان وایە لەئەزمونی خوێندندا شتێک هەیە کەلەدیتنی فیلمدا لەسەر پەردەی سینەمادا نییە، ئەویش پێکهاتوە لەشێوازی نوسەر. هەر نوسەرێک لەنوسیندا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، نەمانی ئەو شێوازە تایبەتیەش واتە لەناوچونی هەموو نیشانە ئاڵۆزەکانی بەرهەمێک کەئەوە نیشاندەدات کێ نوسەرێتی، هەر لەبەرئەم هۆیە رەخنەگران بڕوایان وایە خوێندنەوەی رۆمان چێژێکیان پێدەدات کەسەیرکردنی ئەو رۆمانە لەسەر پەردەی سینەما ئەو چێژەیان ناداتێ. شێوازی نوسەر رۆحی بەرهەمی ئەو نوسەرەیە و کاتێک ئەو بەرهەمە دەبێت فیلم رۆحی ئەو بەرهەمە دەکوژێت. لەبەرامبەر ئەم بەوێناکردنی دەقدا، دەرهێنەر رووبەڕووی وەرگێڕان دەبێتەوە، زۆرجار وەرگێڕ بەکەسێکی بێبایەخ دەزانن و رۆڵێکی میکانیکی پێدەدەن. تێگەیشتنێکی وا بۆ وەرگێڕان زۆر سەرەتایی و بەدەوییە، لەبەرئەوەی وەرگێڕان بەپێی روانگەلێک پێکهاتوە لەگۆڕینی سیستمێکیتری نیشانەیی بۆ سیستمێکیتری نیشانەیی. ئەگەر ئەم تێڕوانینە بۆ وەرگێڕان قبوڵبکەین لەو حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین ئەوەی کەئێمە بەشێوەیەکی نەریتی پێی دەڵێن ئیقتیباس، شێوازێکە لەوەرگێڕان لەبەر ئەو هۆیەی کەدەرهێنەر بڕیار دەدات کەنیشانە نوسراوەکان بکاتە وێنا و بەگشتی کاریگەری دەقی بەسەرین، تائەو جێگایەی دەگونجێ دەبێت نزیک ببێتەوە لەدەقە نوسراوەکە تائەو جێگایەی ئێمە بزانین وەرگێڕانێکی ئامانەتدارانە ئەنجامدراوە. دەرهێنەر (وەرگێڕ) بەخوێندنەوەی بەرهەمەکەو راڤەیی نیشانە و ناسانەی بەرهەمەکە و دۆزینەوەی شێوازی تایبەتی نوسەر دەبێت بەرامبەر گەلێکیان لەدونیای سینەمادا بەکاربەرێت کەهەرهێندەی کاریگەری بەرهەمە نوسراوەکە بەباشی بهێنێتەوە بەرچاوی بینەر. بۆ نمونە هەندێکجار لەکاتی خوێندنەوەی رۆماندا جۆش و خرۆشێک دەکەوێتە خوێنەر کەدەتوانێت خراپ و روخێنەر بێت، یان خۆش بێت بۆی، لەسینەمادا هەندێکجار کارتێکەرە دەنگیەکان ئەم کاریگەرییە درووست دەکەن. هەروەها روناکی و مۆنتاژ لەم روەوە رۆڵێکی کاریگەرییان هەیە، بەتایبەتیش مۆنتاژ لەدرووستکردن و خوڵقاندنی مانادا رۆڵێکی تایبەتی هەیە لەبەرئەوەی بەبڕیاردان دەربارەی شێوازی پەیوەندی دیمەنە وێنە گیراوەکان لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کەبینەر لەبەرامبەر وێنادا نیشانی دەدات زۆر کاریگەر دەکەوێتەوە.

دەرهێنەر (وەرگێڕ)ی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە لەڕووی شێوازەوە، تایبەتمەندییە شێوازەییەکانی نوسەر دەپارێزێ و درێژەی پێدەدات. بەدەربڕینێکی گشتی شێواز لەئەدەبیاتدا لەدوو شتدا خۆی نیشاندەدات: لەناو هەڵبژاردنی وشەکان و نەحوی وشەکاندا، نەحو لەئەدەبیاتدا شێوازی تایبەتی نوسەرەکە لەبەرامبەری شۆت یان نما لەسینەمادا بەرامبەری وشەیە، پێکهاتەی نماکان بەرامبەری نەحویە.

لەبەرئەوە لەلێکدانەوەی بەرهەمی ئەو دەرهێنەرەی کەپێیوایە شێوازی تایبەتی نوسەرێکی پاراستوە دەبێت سەرنج بدرێت و بزانێت چۆن نماکان



پێکدەهێنێ و بەکاریدەهێنێت.

لەلایەکیترەوە لایەنگرانی (ئیقتیباسی وەفادارانە) سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییانەی کەلەم ئاخرین دەیەیەدا لەسینەمادا هاتووەتە ئاراوە، توانیویانە جارێکیتر جەخت بکەنەوە لەسەر ئەو بانگەشەی خۆیان، بۆ نمونە دەکرێت ئاماژەبکەین بەفیلمی (Lord of the cycle) کەلەوێدا سینەمای نوێ توانی بەجوزئیاتەوە وردەکارییەکی تەواوەوە بگاتە چەشنێکی وەسفکردنی چیرۆک کەبەبەراورد بەبەرهەمە ئەسڵە ئەدەبیەکە نەک تەنیا هیچ بەجێنەهێڵێت بەڵکو تەنانەت هەندێکجار پانتایی خەیاڵی خوێنەری کتێبەکەشی فراوانتر کردووەو چیرۆکەکەی بەوردەکاری زۆرەوە وێناکردووە. بەم جۆرە روانینەوە (رۆمان/فیلم) نەک وەک دوو دەقی جیاواز لەیەک کەتەنیا لەهەندێ جێگادا خاڵی هاوبەشیان هەیە بەڵکو وەک دوو دەق کەپێکەوە تەواوکەری یەکن و وەک بڵێین بونەتە یەک و بەسەیرکردنی هەریەکێکیان دەتوانی ئەوی تریشیان ببینی، بێ هۆنیە کەلەهەموو راڤەکانی دواین فیلمی مارتن سکۆرسیزی (دورگەی شاتێر) ئاماژەگەلێکی زۆرکراوە بەتواناکانی رۆمانی «گێنس لی هان»، هەروەها لەراڤەی بەرهەمەکەدا لێکدانەوەی بۆ رۆمان فیلم کردووە.

(ئیقتیباسی وشە بەو شە)، زۆرتر پەیوەستی بەئیقتیباس لەشانۆنامەکانەوە. فیلمگەلێکی وەک (سەفەری دورودرێژ بۆ ناو شەو) بەرهەمی سیدنی لۆمێت، بەئیقتیباس لەشانۆنامەی یوجین ئۆنیل، (کێ لەویر جینیاوڵف دەترسێ) بەرهەمی مایک نیکولز، لەسەر بنەمای شانۆنامەیەکی ئیدوارد ئالبی، یان کۆمەڵە ئیقتیباسە بەناوبانگەکانی لۆرانس ئۆلیڤیە، لەشانۆنامەکانی شکسپیر، نمونە گەلێگن لەم چەشنە ئیقتیباسە لەسینەمادا کەقسەکردن لەبارەیانەوە و هاوشێوە و جیاوازییەکانی سینەما و شانۆ (کەخۆی دەتوانێت بابەتی وتارێکی جیاوازبێت) زۆر هەڵدەگرێت. لەو باسانەی کەپەیوەست دەبێت بەم وتارەوە دەتوانرێ ئاماژە بە (کێشە و ئەستەمییەکانی ئیقتیباس)، (مێژوی و راڤەیی ئیقتیباس)، (کاریگەری دوو لایەنەی سینەما و ئەدەبیات لەسەر یەکتر) بکرێت، کەئەمانەش خۆیان هەریەکیان وتارێک و کاتێکی جیاوازی دەوێت.

# لە نێوان سینەما و ئەدەبدا

## گرەو تەنیا لەسەر کاتە



ڕێبەند سەعدوڵا

ڕۆمانە مەزنەکان لە زۆر دیمەندا خاسیەتەکانی دەنگ و ڕەنگ لەخۆ دەگرن. ئەوانەی ڕۆشنبیرییەکی بەرزی دیتن و تەماشاکردنیان هەیە، لە خوێندنەوەی دەقێکی نووسراوی مەزندا درک بەسێبەری سیناریۆکان دەکەن و لەنێو خەیاڵی خوێندنەوەشدا تەونی دیمەن و ڕۆڵ دابەشکردنێک بۆ کەسایەتییەکانی نێو دەقە ئەدەبیەکە دەچنن.

ڕۆمانی باش خوێنەر دەباتە فەزای فراوانی ڕووداوەکانی خۆی و تێکەڵی وشە بە وشەی دەقەکانی دەکات، ئاشناییەکی وردی دەداتێ و تارماییەک لە ڕەنگ و هەرایەک لە دەنگی بۆ دروست دەکات.

ئەگەر ئەوەی سەرەوە پێناسی دەق بێت لە ڕەوشی وشەدا، داخۆ ئەو دەقە کاتێک دەگوازرێتەوە بۆ ڕەوشی وێنە، چ گۆڕانێکی بەسەردا دێت و ئاستی چێژ بەرەو چ ئاقارێک دەبات؟

ئایا ئەدەبی باڵا تەنیا لە ناوەڕۆکی کتێب و ریزبەندی وشە و ڕستەکاندا دەدۆزرێتەوە، یان دیمەنەکانی سکرینی سینەماش توانای تەواوکردنی گەیاندنی ئەو پەیامەیان هەیە، کە لە بنەمادا لەچوارچێوەی دەقێکی نووسراوی وەک «ڕۆمان»دا بەیان کراوە؟

تێکستی ئەدەبی کە لە ڕووی بنەماوە پشت بەهزر و خەیاڵی فراوان دەبەستێ، تەواو جیاوازە لەوەی دەچێتە چوارچێوەی بەرهەمێکی سینەمایی، چونکە ئەوەی دووەم مەبەستیەتی لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا لەسەر ژێیەکانی سۆز و وروژاندنی عاتیفەی بینەر کار بکات و بەخێرایی هەستی بینەر داگیر بکات، لە کاتێکدا تێکستی ئەدەبی هەستی خوێنەر بۆ خۆی ڕاناکێشێت، هێندەی لەناو خۆیدا هەستێکی نوێ دەداتە خوێنەر و لەماوەیەکی زەمەنی دووردا کار لەسەر هێشتنەوەی کاریگەرییەکانی دەکات.

ڕۆمانی ئەدەبی لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بووەتە سەرچاوەیەکی بەبرەوی داهێنانی سینەمایی، ژمارەیەکی زۆری سیناریۆی بەرهەمە سینەماییەکان لەسەر جەستەی ڕۆمانە باڵاکان بنیات نراون، بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی دەشێن لەچوارچێوەی سکرینی سینەمادا کۆنترۆڵ بکرێن و ڕووداوەکانیان لە سیناریۆیەکی سەرنجڕاکێشدا بەرجەستە بکرێ.

جیاوازی وەزیفەی پێشکێشکردن لە میانی پێشاندانی وێنەی دەق و پێشاندانی دیمەنی سینەماییدا، لەو خاڵەدا درکی پێ دەکرێ کە ڕۆمان لە ریزبەندی وشەکاندا و لە تەعبیری ڕووداو و وێنەکاندا پشت بەتەکنیکی گێڕانەوەی ئەدەبییانە دەبەستێ، وەلێ سینەما بەجووڵەی ئەکتەرە مەشقدراوەکان لە قۆناخێکی درەنگتردا (مەبەست قۆناخی دوای نووسینەوەی سیناریۆ، کە لە دەقی ڕۆمانەکە وەرگیراوە) نەخشەی ڕووداو و دیمەنەکان بەهاوکاریی تەکنەلۆژیای وێنە و کۆمپیوتەر و ڕووناکی و مەوقیعەکانی وێنەگرتن دەگێڕێتەوە.

ئەگەر سینەما ژیرانە دەقی ڕۆمانێک بگێڕێتەوە، ئەگەری هەیە بینەر شاگەشکە بکات بەهۆی زێدەتر ئاوێتەکردن و ڕۆچوونە ناو ڕووداوەکانەوە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکە هەستی پێدەکرێ، لەکاتێکدا لە خوێندنەوەی دەقدا خوێنەر کەمتر هەست بە وروژان و چوونە ئاستی ئاوێتەبوون لەگەڵ ڕووداوە نووسراوەکاندا دەکات.

ئەوەی دەقی نووسراوی ڕۆمانێک بخوێنێتەوە و دواتر تەماشای بەرهەمێکی سینەمایی بکات کە سیناریۆکەی لەهەمان ئەو دەقەدا وەرگیرابێ، درک بەچەند جیاوازییەکی چاوەڕواننەکراو دەکات، ڕەنگە لە هەمووی زیاتر هەست بەجیاوازی نێوان ئەو تابلۆ و کەسایەتی و دیمەنانە بکات کە پێشتر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا بۆ خۆی وێنای کردبوون، لەگەڵ ئەو تابلۆ و کەسایەتی و دیمەنانەی فیلمە سینەماییەکە پێشکێشی دەکات.

جا لەوانەیە ئەوەی بەرهەمە سینەماییەکە پێشکێشی بینەری خۆی دەکات باڵاتر یان خوارووتر بێت لەوەی دەقەکە پێشکێشی خوێنەری خۆی کردووە، ئەمەش دەوەستێتە سەر بۆچوون و هەڵسەنگاندنی کەسی بکەر کە لە حاڵەتی یەکەمدا خوێنەر بووە و لەدووەمیشدا بینەر.

بەڵام گرنگ توانستی دۆزینەوەی گۆشەی نوێیە لەمیانی تەماشاکردنی بەرهەمە سینەماییەکە و ئیزافەکردنیەتی بۆ سەر ئەو دەقەی خوێنەرەکە پێشتر ئاشنای بووە. لە کۆتاییشدا هەر وایە، وەزیفەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری پێشکێشکردنی خزمەتێکی سەربارە بەخوێنەر و بینەر.

لە ئاست خێرایی پێشڤەچوونی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پێشکەوتنی سینەما وەک یەکێک لە ژانر و دەرهاوێشتەکانی تەکنەلۆژیا، پێشبینی دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا وێنەی دیمەنەکان شوێن پێی وشە لەق بکەن، بەشێوەیەک وەزیفەی چاوی ئەدەبی لەبری خوێندنەوەی وشە نووسراوەکان بگۆڕێ بۆ دیتنی وێنەی گیراوی ڕەنگاوڕەنگی پڕ کاریگەریی تەکنەلۆژی.

ئەگەر سەرپێیی لەو حاڵەتە ڕابمێنین، هەست دەکەین لە قازانجی سینەمادا تەواو دەبێت و ژانری هونەری حەفتەم لەچاو ئەدەب پانتاییەکی زیاتری جەماوەر بۆ خۆی داگیر دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە بپرسین ئەو پێشکەوتنەی سینەما لەسەر حیسابی ئەدەب تا کوێ درێژەی دەبێت، چونکە ئەوە سینەمایە لەسەر جەستەی ئەدەب دەژی نەک بەپێچەوانەوە، کەواتە سینەما بەتەنیا کە زۆر جار دەبێتە هونەرێکی ساردوسڕ! ناتوانێ هەموو بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە، تا ئەو کاتەی سیناریۆی بەرهەمە سینەماییەکان لە دەقی ڕۆمانە باڵاکاندا هەڵبهێنجرێن، سینەمایەکی باڵا و دیمەنی سەنگینمان دەست دەکەوێ، بەڵام بەدوورکەوتنەوەی سینەما لە ئەدەب، باشتر بێژین کەمبوونەوە و لاوازبوونی دەقی ئەدەبی باڵا سینەماش دەچێتە حاڵەتی کرچوکاڵی و متبوونێکی درێژخایەن.





# دەسەڵاتی خەیاڵ و دەسەڵاتی وێناکردن

## سەرنجێک لەسەر وێنەکانی نێو ئەدەب و وێنەکانی سەر شاشە

زانکۆ ئیسماعیل ڕۆژ



ئەلبێرت کامۆ (١٩١٣ - ١٩٦٠) نووسەری گەورەی پووچگەرایی فەڕەنسی پێیوایە کە «ژیان جووڵەیەکی بەردەوامە و ئەم جووڵەیە بەدوای وێنەکەی خۆیدا وێڵە، بەبێ ئەوەی ڕۆژێك بەم وێنەیە بگات و بگرە بیدۆزێتەوە»، کامۆ باوەڕی وایە کە (مرۆڤیش ئەو بوونەوەرە پارچە پارچەبووە مایەپووچەیە کە دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایەی لێیەوە ببێتە خاوەی ئەو وێنەیەی ژیان، بە ئومێدی ئەوەی ئەو ئامرازانەی تێدا بدۆزێتەوە کە دەبنە پایەکانی مەملەکەتە تایبەتەکەی خۆی، یاخود بۆ دیاریکردنی سیماکانی «بوون»ی تایبەتانەی خۆی)(١). ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەی کامۆدا بمانەوێت لەهەوڵەکانی سینەما تێبگەین، مەبەستیشمان ئەو جۆرە هەوڵانەیە کە ئەم هونەرە تازەیە دەیدات بۆ دروستکردنی وێنەیەکی جوان بۆ ژیان و وجود، ئەوا بێگومان بەدەرەنجامێکی مایەپووچ دەگەین، لەبەرئەوەی لەدواجاردا ئەم هەوڵانە هەموو مایەپووچن و مرۆڤ هیچ کات دەستی ناگات بەو ڕێگایەو ئەو ڕێگایەش نایگەیەنێت بەو وێنەیەی مرۆڤ مەبەستێتی پێیبگات دەربارەی بوونی خۆی و بوونی ڕەسەنانەی ژیان و وجود. دیارە لەناو سینەمادا جۆرە هەوڵێك هەیە بۆ بەخشینی وێنەیەکی دیکە بەژیان، ئەم جۆرە هەوڵانە لەگەڵ ئەوەی بەنەفەسێکی کورت دێنە بەرهەم، بەڵام هەڵگری تاسەی گەیشتنن بە وێنە جوانەکەی مرۆڤ و ژیان، یاخود بڵێین ئەو وێنەیەی مرۆڤ پێیوایە باڵاترین وێنەی خۆیەتی لەنێو وجودا. سینەما دەیەوێت لەڕێی ئەو جۆرە هەوڵانەوە فەزایەك، یاخود ڕووبەرێکی دیکە دروستبکات کە جیاوازترو پڕماناتر دێتە بەرچاو، ڕەنگە ئەم هەوڵە خۆی لەخۆیدا بەشێك بێت لەو جووڵەیەی ژیان کە بەردەوام دەگەڕێت بەدوای وێنەکەی خۆیدا، ئەو وێنەیەی لەبنەڕەتدا مرۆڤ لێی ونبووەو ئێستاش شێلگیرانە بەدوایدا وێڵە. بۆ نا؟ ئایا مرۆڤ هەموو جۆرە زمانەکانی گوزارشتکردن بەکارناهێنێت تا بگات بەو وێنەیە؟ یاخود هەموو ڕێگاکان تاقیناکاتەوە بۆ گوزارشتکردن لەو وێنەیە؟ وێنەی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە، وێنەی ژیانێکی پڕ لە عەدالەت و کەرامەتی مرۆڤانە، پڕ لەهەوڵی موعجیزانەی مرۆڤ بۆ شکاندنی سنوورەکانی توانای سروشتی خۆی. هەرکاتێکیش مرۆڤ دەستەوەستان بووبێت لەهێنانەدی موعجیزە، شێتانە بەدوای کەناڵەکانی تری گوزارشتکردندا گەڕاوە بۆ خولْقاندنی ئەو موعجیزەیە. ئەگەر نەیتوانیبێت جەنگاوەرێکی قارەمان و مەزن بێت، ئەوا کەناڵی دیکە هەبووە ئەو قارەمانە مەزنەی لێوە دەربهێنێت، ئەگەر خەونی بەهێنانەدی کۆمەڵگایەکی پڕ لە عەدالەتەوە بینیبێت و لەواقیعدا بۆی بەرهەم نەهاتبێت، ئەوا کەناڵی دیکە گوزارشتکردن هەبووە بۆ خولْقاندنی ئەو وێنەیە، جا بەشیعر بووبێت یاخود ڕۆمان یا چیرۆك و جۆرەکانی تری ئەدەب و هونەر. لەئێستاشدا سینەما یەکێکە لەو کەناڵانە، سینەما



ئەمجارەیان لەڕێی کورتکردنەوەی ڕێگاکانەوەو بەهاوکاری تەکنەلۆژیا خێراتر ئەم زمانە گوزارشت دەکات. لێرەوە لەم خاڵی کارلێککردنەوە زۆر سروشتیانە پەیوەندییەك دروستبووە لەنێوان ئەدەب و سینەما، یاخود بابڵێین هونەری نووسین و هونەری خستنەڕووی وێنەی بینراو.

بەدرێژایی سەدان ساڵ و بگرە زیاتریش ئەدەب، واتە نووسین، توانیویەتی سەربەخۆ وێنەکانی خۆی بگەیەنێت و لەدەرەوەی هەموو کایەکانی دیکە کاری دۆزینەوەی وێنە ڕەسەنەکەی ژیان و وجودی مرۆڤ ئەنجامبدات. یاخود بابڵێین ئەدەب لە پەیوەند بەمرۆڤەوە بەدوای ئەو ڕێگایەدا گەڕاوە کە مرۆڤ ویستوویەتی «بوونی تایبەتیانە»ی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. ئاشکرایە ئەدەب هەتا ئێستاش هەمان ئەو گرنگییەی خۆی مومارەسە دەکات و هەر بەدوای وێنە یەکەمەکەی ژیاندا دەگەڕێت، بەڵام ئەوەی زیاتر لە سەد ساڵە هاتۆتە مەیدان بریتییە لە هونەری سینەما، ئێستا سینەماش هاتۆتە نێو ئەو پرۆسەیەوەو هەمان ئەو کارە دەکات کە بەدرێژایی مێژوو ئەدەب ئەنجامیداوە. بەڵام ئایا سینەما سەرکەوتوو بووە لەم پرۆسەیەدا؟ یاخود بابڵێین سەرکەوتوو بووە لەدیاریکردنی ئەو گرنگییەی مرۆڤ لەپێناویدا هەیە؟ با پرسیارەکەم بەم چەشنە دابڕێژمەوە، ئەگەر ئەدەب لەماوەی دوو بۆ سێ هەزار ساڵی ڕابردوو قورسایی خۆی خستۆتەڕوو لەو هەوڵەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی «وجود»ی خۆی، ئایا ئێستا سینەما ئەم کارەی پێدەکرێت؟ من نامەوێت بڵێم و پرسیارەکەشم ناچێتە ئەو خانەیەوە بپرسم، ئایا سینەما جێ بە ئەدەب لێژ دەکات و دەتوانێت جێی ئەو بگرێتەوە؟ چونکە لەدواجاردا سینەما چەندە پشتئەستوور بێت بەهونەرەکانی دیکەو چەندە پشتئەستوور بێت بە تەکنۆلۆژیا، هێشتا ناتوانێت لە گرنگی و قورسایی ئەدەب کەمبکاتەوەو ڕۆڵی ئەدەب کاڵبکاتەوە، بەڵکو پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا سینەما دەتوانێت بەشێك بێت لەو هەوڵەی مرۆڤ بۆ گەڕان بەدوای وێنە یەکەمەکەی ژیان وەك ئەلبێرت کامۆ هێمای بۆ دەکات؟ ڕاستە کامۆ ئەمە لەسەر ئاستێکی فەلسەفی نمایشدەکات و لەدیدێکی فەلسەفیانەوە ئەم گوزارشتە دێنێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ئێمە وەك سەرەتا ئاماژەمان بۆ کرد دەمانەوێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو تەسەورەی کامۆ پرسیاری خۆمان لەسەر ڕۆڵی سینەما بخەینەڕوو.

ئەوەی کە ئاشکرایە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە سینەما هەر هەوڵێکی لەو چەشنە بدات بۆ دۆزینەوەی وێنەی یەکەمی ژیان بەگوزارشتەکەی ئەلبێرت کامۆ، ئەوا بەبێ ئەدەب ئەم کارەی بۆ ناکرێت و ناتوانێت ئەنجامی بدات، بۆیە سینەما خۆی لەخۆیدا پەیوەندییەکی توندی گرێداوە بە ئەدەبەوەو دەیەوێت هەموو ئەوەی ئەدەب بەرهەمیهێناوە جارێکیتر لەڕێگای خۆیەوە گوزارشتی لێبکاتەوە. بە فیلمکردنی ڕۆمانەکانی (Wuthering Heights)ی ئیمیلی برۆنتس (Emily Bronte`s)و (The love in the time of




Cholera)ی گابرێل گارسیا مارکیز و (blandness)ی خۆسییە سەراماگۆ و (Les Miserable’s)ی ڤیکتۆر هۆگۆ و (Merchant of Venice)و زۆربەی کارە شانۆییەکانی تری ویلیەم شکسپیر (William Shakespeare) و دەیان و سەدان ڕۆمان و شانۆیی دیکە خۆی لەخۆیدا هەوڵێکی جدی سینەمایە بۆ بینینی ئەو ڕۆڵە. ئێستا سینەما لەتەك ئەدەبدا دەیەوێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت و شێلگیرانە ئەم کارە دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە درێغیش ناکات لە گەیاندنی وێنەکانی مێژوو لەڕێی زمانی وێنەی بینراوی خۆیەوە.

دوو گرفتی سەرەکی کە دێتە بەردەم ئەم هەوڵەی سینەما بریتییە لە ناکاملی ئەو کارەی کە سینەما پێیهەڵدەستێت بۆ گەیاندنی وێنەکانی ئەدەب، هەروەها لە تەك ئەم گرفتەشدا گرفتی کوشتنی هونەری خوێندنەوە. ئێمە تەنیا بەکورتی پەنجە دەخەینە سەر کێشەی یەکەم.

هەڵبەتە ئەدەب قودرەتی خۆی لەنێو خۆیدایە و ئەوەی دەیەوێت بیلێت دەیگەیەنێت لەڕێی وێنە زهنییەکانی خۆیەوە، لەکاتێکدا سینەما لەم هەوڵەدا ناتوانێت وەك پێویست سەرکەوتووبێت و ئەو ڕۆڵەی ئەدەب بگێڕێت. یەکێك لەو کێشە گەورانەی سینەما تێیدەکەوێت لەم هەوڵەیدا بریتییە لەبەرجەستەکردنی وێنەکان، دیارە مەبەستمان لەو وێنانەی ئەدەبە کە هەمیشە لەزهندا بەسروشتی دەیانهێڵێتەوەو زەمینە بۆ دەسەڵاتی خەیاڵی ئێمەی خوێنەر دروستدەکات چۆن بمانەوێت وێنایان بکەین؟ لێرەدا ئەدەب ئەو هەقە نادات بەخۆی هێڵە وردەکانی ناو زهنییەتی ئێمە بکێشێت و دەستکارییان بکات و بۆمان بەرجەستە بکات، ئەدەب بەسروشتی خۆی ئەم جۆرە لە ئازادیی زهنییە دەبەخشێتە خوێنەر خۆی چۆن ئەو کارە دەکات بیکات؟ هەر ئەمەشە تاموچێژی

ئەدەب و ئـــەدەب بەمەزنی دەهێڵێتـــەوە ناهێڵێت خوێنـــەر لەدەرەوەی پرۆســـەی وێناکردنەکە بێت. واتە کاتێك ڤیکتۆر هۆگۆ وێنەی «ژان ڤاڵژان»مان پێدەدات کە لەشـــارێکدا پەراگەندەیـــەو جێگەیەکی نییە بۆ حەوانەوە، ئەو تەنیا کەرەســـتەکانی ئـــەو وێنەیەمان دەداتێ لەڕێی وشەوە، ئەوەی وردەکارییەکانی دواتر دەکات و پرۆسەکە کامڵتر دەکات خوێنەرە لەنێـــو خەیاڵدانی خۆیدا ئـــەو کارە دەکات، ئەوە خوێنەرە کە ئەو کەرەســـتانە هەڵدەگرێتەوە لەڕێی خوێندنەوەی وشەکانی هۆگۆوە. کاتێکیش ئیملی برۆنتس لەڕێی وشەوە باسی عەشقی ئەفلاتوونیانەی «هیتکلف»ت بۆ دەکات لە»بەرزایەکانی وەزەرنگ»دا، تۆی خوێنەر ئازادیـــت لەوەی چۆن وێنەی هیتکلیف دەکێشـــیت و چۆن جوانییەك دەدەیت بە «کاترین»ی مەعشـــوق، تۆ بەشداریت لەگەڵ «ئیمیلی» لەپێدانـــی وێنە بە «ئادگار»ی کوڕی مامی «کاترین»، تۆ لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بەشداریت لەدروستکردنی وێنەی ئەو خانوو و ماڵ و شوێنەی ئیمیلی بۆ بەرزایەکانی ناوچەی وەزەرنگ دەیکێشێت لە لیڤەرپوڵ، بەمانای ئەوەی بەشـــێکی ئەم پرۆســـەیە لەدەست تۆی خوێنەردایە. بـــەڵام کاتێك دەرهێنەرێکی ســـینەمایی ئەو ڕۆمانەی برۆنتس دەکاتە فیلم، چیتر تۆ ناتوانیت وێنە لە زهنی خۆتدا بۆ هیچ کام لەو کارەکتەرانە بکێشـــیت. ئەو وێنانەی ئەو دەرهێنەرە دەیدات بەو ڕۆمانە مەوداکانی خەیاڵی تۆ سنووردار دەکەن و ناهێڵن خەیاڵی تۆی بینەر چیتر بەئازادی بجووڵێت، دیارە ئەمەش تاوانێك نییە لەلایەن ئەو دەرهێنەرەوە، ئەمە سروشـــتی کاری سینەمایەو سینەما ناتوانێت خۆی لەم گرفتە ئەزەلییە ڕزگار بکات، هەر ئەمەشـــە جیاوازی جەوهەری لەنێوان ئەدەب و سینەمادا.

تۆ لە تووڕەبوونی هیتکلف دەتوانیت بەویســـتی خۆت بوونەوەرێکی تووڕە دروســـت بکەیت، تـــۆ دەتوانیت لەگـــەڵ «ئیمیلی»دا بڕۆیتە قووڵاییەکانی ناخی هیتکلیـــف و لەمس (Touch)ی ئەو گڕکانە بکەیت کە عیشقی ئەم عاشقە دەریدەپەڕێنێت، بەهەمان شێوەش لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا دەتوانیت دەرك بکەیت بەوەی «کاترین» چۆن لەناو ناخیدا قورســـایی عیشقی «هیتکلیف»ی هەڵگرتووەو ئەم کچە خانەدانە کلۆڵە لە گوزارشـــتکردن لەو عیشـــقە و بەدەستییەوە لەژێر ئازاردا دەتلێتەوە؟ ئەمانە هەمووی لەناو سنوورەکانی دەسەڵاتی خەیاڵی تۆی خوێنەردان. بەڵام گۆڕینی ئەم وێنە زهنیانە بۆ وێنەکانی ســـەر شاشـــە و کردنیان بەو وێنانەی کە هەمووموان دەبێت وەك یەك بیانبینین پرۆســـەکە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت و دەیگوازێتەوە بۆ شـــتێکی دیکە. لێرەوە، لەناو وێنەکانی سەر شاشەوە، من و تۆو ئەوان و ئەوانی دیکەش هەموومـــان یەك هیتکلیف دەبینین و یـــەك کاترین، یەك جۆر ماڵ و حاڵ و یەك جۆر دیمەنی سروشـــتی بەرزاییەکانی وەزەرنگ. من لەم حاڵەتەدا خەیاڵم ناتوانێت ئازادبێت لەکێشانی وێنەکاندا، تۆش و ئەوانی




دیکـــەش وەك من ناتوانن ئازادبن لە دروســـتکردنی ئەو وێنانە، بەڵکو هەمووموان بەستراوین بەبینینی ئەو وێنەیەوە کە ئەو شاشەیە وەك یەك بۆ هەمووموانی دەخاتەڕوو. لێرەوە پرۆسەیەك کە هەمووموان پێکەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە کە دەبێت (must be) هەمووموان وەك یەك دەرك بەو وێنەیە بکەین و وەك یەك ئەو وێنانە ببینین. ئەمەش ئەو کێشەیەیە کە وایکردووە ســـینەما نەتوانێت ئەو ئەرکـــە بەجێبگەیەنێت کە ئەدەب توانیویەتی تائێستا بە ئەنجامی بگەیەنێت.

کاتێك هەمووموان بەشـــداریمان پێدەکرێت لەو پرۆسەیەدا، واتە کردنی وێنەکان بە یەك وێنەی کۆنکرێتی دیاریکراو، کێشـــەیەکی جەوهەریتر سەرهەڵدەدات، ئەویش کێشەی ســـادەبوونەوەی وێنەکانە یاخود بابڵێین (سطحی) بوونی وێنەکانی نێو دەقە ئەدەبییە بەسینەما کراوەکەیە، لەم ڕووەوە ژنە فەیلەســـوفی ئەڵمانی- ئەمریکی (سۆزان لانجەر) پەنجە دەخاتە سەر ئەم کێشەیەو دەڵێت:

(اننا قد اصبحنا نلحظ لدى الجماهير غير مثقفة ضربا من الامبالاه و عدم الكتراث بالنســـبة الى القيم الفنية)(٢)، ئەم کێشەیە کە خاتوو لانجـــەر هێمای بۆ دەکات لەوێوە دێت کـــە هەمووموان وەك یەك دەبێت (must be) ئەو وێنەیە بینین، بەڵام ئەم کێشەیە لەنێو دەقە ئەدەبییە نووســـراوەکەدا نییە، گەر هەشـــبێت، ئەوا هێندە کاڵە، خوێنەری جدی دەتوانێت زۆر بەئاسانی خۆی لێدەرباز بکات و بەسەریدا زاڵبێت لەڕێی بەکارهێنانی دەسەڵاتی خەیاڵی خۆییەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا نابێت ڕۆڵی سینەما بە کەم بگرین و لـــە بەهای ئەو ئەرکە کەمبکەینەوە کە ســـینەما بەجێیدەگەیەنێت.





هەڵبەتە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا و وتمان ئەم کێشەیە سروشتییەو خۆی لەگەڵ لەدایکبوونی ســـینەمادا هاتووەو پێـــوەی لکاوە وەك لکاندنی وێنـــە زهنییەکان لەگـــەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا، واتـــە دەقێکی ئەدەبی ناتوانێـــت لەدایـــك بێت ئەگەر چەندین وێنـــەی زهنی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت، ئەوە دەق نییـــە کاتێك خاڵییە لەوێنە زهنییەکان. لەقاڵبدانی وێنەکانیش لە سینەمادا شـــتێکە لەگەڵ هاتنی شاشەدا لەدایکبووەو شاشە ناتوانێت لە یەك وێنەی بینراو زیاتر بدات بەدەستەوە، هەرچەندە ئەم پرۆسەیەش لێرەدا کۆتایی نایەت و کاری سینەما تەنیا لەقاڵبدانی وێنە ئەدەبییەکان نییەو بەس، ســـینەماش بەقەد ســـنووری تواناکانی خۆی خەیاڵ دەجووڵێنێت و سەرنج ڕادەکێشێت بۆ شتهایەك کە دەیەوێت بیاندرکێنێت، بەڵام کێشەی ســـینەما لەوەدایە کە سنوورەکانی ئازادی خەیاڵ تێیدا بەرتەســـکە و قودرەتی گەیاندنـــی وێنەکانی دیاریکراوە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەســـەڵاتی وێناکردن لەسەر شاشە دیاریکراوە، ئەمە ســـەرباری ئەوەی کـــە وێنە زهنییەکانی نێـــو دەقێکی ئەدەبی کاتێك دەبنە وێنەیەکی بینراو ماناکانی خۆیان لە دەســـت دەدەن و وەك وێنـــەی یەکەم نامێنن، بۆ نموونە ئەگەر جەنگاوەرێك لەنێو ڕۆمانێکدا دلێرانە بەرگری لە شەرەفی جەنگاوەرانەی خۆی بکات لەجەنگێکداو سەرســـەختانە بەرامبەرەکانی لەناو بەرێت، ئەم وێنە زۆر سادەیە کاتێك دەبێتە دیمەنێکی ســـینەمایی و دەبێتە وێنەیەکی بینراو لەسەر شاشە، لەپـــاڵ ماناکانی جەنگاوەری ئەو کارەکتـــەرەدا مرۆڤکوژێکیش دێتە بەرچاو لە هەمان ئەو کەســـێتییەدا. تۆ ناتوانیت لەگەڵ وێنەی خوێن و ســـەرپەڕاندن و دەســـتقرتاندندا کە ئەم کارەکتـــەرە لەکاتی جەنگدا ئەنجامیـــدەدات، وێنەی پیاوکوژێکیش نەیەتە بەرچاوت، ئایا دەتوانیت چاوەکانـــت بنووقێنیت و ئەو قەســـابخانەیە نەبینیت کە ئەم جەنگاوەرە ئەنجامیـــدەدات؟ لێـــرەوە وێنە بینـــراوەکان خێراتر ســـۆز دەجووڵێنن و ناچـــارت دەکەن بەبینینی وێنەیەکی دیکەش لەپاڵ وێنەی ســـەرەکی ئەو کارەکتەرەدا. لێرەدا ئەوەی ســـینەما دەیکات جیاوازترە لەوەی دەقە ئەدەبییەکان دەیکەن. تووڕەیی هیتکلیف لەســـەر شاشە، جگەلە وێنەی عاشـــقێکی ئەفلاتوونی تووڕە، وێنەی پیاوێکی دڵڕەقیش دەخەنەڕوو،

هەڵبەتە کێشـــەکە لەوێوە دێت کە خەڵکانی (ســـطحی) یەکەو ڕاست پەنا بۆ وێنەی دووەم دەبەن و تەفســـیری دووەم هەڵدەگرنەوە، ئەمەش ئەو کێشـــەیەیە کە خاتوو لانجەر هێمای بۆ کرد. وێنە بینراوەکانی ئەو شاشـــەیە خەڵکانی سادە هاوسۆز دەکەن لەگەڵ قوربانییەکانی دەستی هیتکلیف، لەبەرئەوەی وێنەکان ئامادەن و دەخرێنە بەردەم بینەرو خێراتر ســـۆزی ئەو کەسانە دەجووڵێنن کە ناتوانن تەفسیری خۆیان هەبێت، لە ئاســـایترین حاڵەتدا (رد فیعل)ی بینەری لەو جۆرەش ڕاستەوخۆ هەر ئەمە دەبێت، ئەمەش ئەو شـــتەیە کە وێنەکانی سەر شاشە جیادەکاتەوە لەوێنە زهنییەکانی نێو دەقێك.

ئەوەی ماوە لەم سەرنجە کورتەدا بووترێت ئەوەیە کە شاشە شێلگیرانە بەشداری دەکات لەپرۆسەی گەیاندنی زمانی ئەدەبدا، هەرچییەك بێت و هەرچۆنێك بێت، ســـینەما بەتووندی دەســـتی بەم پەیامەوە گرتووەو بەردەوامە لەســـەری، بەڵام ئەوەی ســـینەما ناتوانێت ئەنجامی بدات، ئەوەیە فەزای ئازادانەی دەســـەڵاتی خەیاڵی تۆ فراوانتر بکات لەوەی کە دەقە ئەدەبییە نووسراوەکان کردوویانەو دەیکەن.*

---

**پەراوێزەکان:**

(١) د. زكريا ابراهيم (فلســـفة الفن في الفكر المعاصر) الناشـــر- مكتبة مصر/ دار المطر للطباعة / لاپەڕە ٢١٧

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو .. لاپەڕە ٣١٣

* قســـەکردن لە وێنە لەنێو دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان، قســـەکردن لە(مهمـــة - Task)ی ســـینەما زۆر زیاتر لـــەوە هەڵدەگرێ ئێمە بمانەوێـــت لەدوو توێـــی چەند لاپەڕەیەکی کەمدا لەســـەری بدوێین، بـــەڵام لەبەرئـــەوەی ڕووبەری ئەم گۆڤارە هەر هێنـــدە دەرفەتی داوە، چیتر ئەوەی نووســـیوومانە دەچێتە خانەی سەرنجێکی کورتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی بەبێ گەڕانەوە بۆ چەند فەیلەسوف و بیرمەندێك ئەو کارە مەحاڵـــە کە ئێمە لێرەدا لەبەر کەمی ڕووبەر نەمانتوانیوە ئەو کارە بکەین.



# سینەمای کوردی

## سینەمایەکی بێ بنەمایە و نەبینەری خۆی هەیە نەبازار!

پشتیوان عەبدوڵلا ئەحمەد



# دۆسیەی تایبەت بە یەلماز گۆنەی



بۆ ئاگاداری خوێنەران و سینەماخوازان لەژماری داهاتووی گۆڤاری (فیلم)دا دۆسیەیەکی تایبەت لەسەر هونەرمەند **(یەلماز گۆنەی)** و فیلمەکانی دەکەینەوە، پێشوازی لە هەرجۆرە بەشداربوونێک دەکەین.

لەگەڵ ڕێزماندا

**گۆڤاری فیلم**


# ئاگاداریەک

**بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت لە گۆڤاری فیلم:**

– گرنگی زیاتر بە بابەتی نووسەر و رۆژنامەنووسانی کورد و فیلمی کوردی دەدەین، لەگەڵ هەر چالاکیەکی سینەمایی هونەرمەندانی کورد.
– پێویستە بابەتی وەرگێڕدراو، دەقە ئەسلیەکەی لەگەڵ دابێت.
– تادەکریَ وێنە بەکوالیێتی بەرز لەگەڵ بابەتەکە بنێرن.
– ئەو بابەتەی بۆ گۆڤاری (فیلم) دەنێردرێ، لەهیچ شوێنیتر بڵاونەبووبێتەوە.
– هەر بابەتێک شیاوی بڵاوبوونەوە نەبێت، لە ئەرشیفی گۆڤار دەپارێزرێت.
– ئەو بەرێزانەی بابەتیان لەگۆڤاری (فیلم) بڵاوبۆتەوە، پەیوەندی بکەن بۆ وەرگرتنی پاداشتەکانیان بەسوپاسەوە.
– دوا وادە بۆ گەیشتنی بابەت بۆ ژمارە (٥)ی گۆڤاری فیلم، (٢٠١٠/٨/٢٥)ە.

لەگەڵ ڕێزمان

**گۆڤاری فیلم**